https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.246
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دابەشبوونی جوگرافیایی کورد لە رۆژهەڵاتی سوودان

م.ی. جوهر جلال وسو
jawhar.jalal8571@gmail.com

پ.ی.د. کامەران موحەمەد قادر
kamaran.qadir@univsul.edu.iq

بەشی فەلسەفە- کۆلێجی زنستە مرۆڤاتییەکان- زانکۆی سلێمانی

## پوختە

مێژووی کۆچکردنی کورد بۆ سوودان بۆ کۆتایی سەدەی سێزدەی زایینی و سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیی ئەگەڕێتەوە، لە دوای ئەوەیش بۆ سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیی و داگیرکردنی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوودان، قۆناغی سێیەمیش لە سەردەمی موحەمەد عەلی پاشا. لەم سێ قۆناغەدا کورد زیاتر وەک سەرباز و فەرماندەی سەربازیی چوون بۆ سوودان و هەندێک لەوانەش لەوێ ماونەتەوە ، ئەم توێژینەوەیە گەڕان بووە بە دوای ئەو پرسیارانەی ئایا کورد لە رۆژهەڵاتی سوودان هەیە؟ ئەو شارانە کامانەن کە کورد تیایاندا نیشتەجێبوون؟ ژمارەیان چەندە و بۆ لەوێ نەگەڕاونەتەوە؟ ئەم توێژینەوەیە زیاتر پشتبەستە بە کۆکردنەوەی زانیاریی لە رێگەی چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ کوردەکانی سوودان و لە هەموو ئەو شار و ناوچانەی لە توێژینەوەکەدا باسکراون، توێژەر گەڕاوە و ماوەتەوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژووی زارەکیی و شیکاریی بە کارهاتووە، شێوازێکی نوێی چاوپێکەوتنی تێدا بەکارهێنراوە کە ناوی لێنراوە (چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ) کە تێیدا سێ کەسی پەیوەندار بە بابەتەکان یان زیاتر لە یەک شوێن و کاتدا کۆکراونەتەوە و پرسیارەکانیان ئاڕاستەکراوە و بە هەموویان وەڵامیان داوەتەوە وەڵامەکانیان لێ وەرگیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوود لە سەرچاوەی کتێب وەرگیراوە ، لە کۆتایی توێژینەوەکە و دەرئەنجام دا، مێژوو و هۆکاری کۆچکردنی کوردەکانی سوودان روونکراوەتەوە، ژمارە و کاریگەرییان لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوودان بە گشتیی و شارەکانی ئەو ناوچەیە باسکراوە، لە هەمان کاتدا زێدی رەسەن و سەرەکیی کوردەکانی سوودان روونکراوەتەوە.

**کلییلە وشەکان: کوردەکانی سوودان، رۆژهەڵاتی سوودان، سەلاحەدینی ئەیووبیی، سوڵتان سەلیمی یەکەم، محمد علی پاشا.**

Recieved: 27/2/2023
Accepted: 19/3/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

ناوی سوودان لە لایەن عەرەبەکانەوە بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا و دەوروبەری دەریای سوور هەتا خۆرئاوای ئەفریقیا بەکارهاتووە، کە لە ئێستادا پێی ئەوترێت کۆماری سوودان (قاسم:١٩٩٦: ١١٦١)، گەڕیدەکانی عەرەب وەک (ئیدریسیی و مەسعودیی و ئیبن خەلدون و یاقووتی حەمەویی) ناوی سوودانییان بۆ جوگرافیای باشووری میسر هەتا باشووری بیابانی ئەفریقا بەکارهێناوە (باشری: ٢٠٠٠: ١٤).

مێژووی کورد لە باکووری ئەفریقیا ریشەیەکی کۆن و دێرینی هەیە، بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین و سەردەمی فیرعەونەکانی میسر و میتانییەکان ئەگەڕێتەوە، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و ژن و ژنخوازیی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام سەبارەت بە مێژووی کورد لە سوودان بە گشتیی و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی سوودان بە تایبەتیی، بۆ سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبیی و ناردنی سوپاکەی بۆ هێرشکردنە سەر مەملەکەتی عەلوە لە ناوەڕاستی سوودان و خۆرهەڵاتی شاری خەرتووم ئەگەڕێتەوە، هەندێکیشیان بۆ سەردەمی عوسمانییەکان ئەگەڕێنەوە، کە کورد وەک سەرباز و سەرکردەی سوپای عوسمانی چوونەتە سوودان، بەڵام لە سەدەی بیست و لە دوای تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول، کورد وەک پەناگە رووی کردۆتە سوودان، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا وەک ناوچەیەک بۆ کار و بە مەبەستی بازرگانیکردن چوونەتە سوودان. لە هەموو ئەو قۆناغانەدا ناوچەکانی رۆژهەلاتی سوودان بۆ مانەوەی کورد جوگرافیایەکی لەبار بووە، چونکە دەروازەی دەریایی سوودان بووە، بەشێک لە نەتەوەکانی تری وەک تورک و یونانی و هیندیی لەو ناوچانەدا ماونەتەوە و ناوچەی فرە کلتووری سوودانییان پێکهێناوە.

ئەم توێژینەوەیە سۆراخی چەند پرسیارێکی مێژوویی و گریمانەیی کردووە، بۆ ئەوەی وەڵامی بۆ هەریەکە لەمانە دەستبکەوێت: ئایا کورد لە ناوچەکانی سوودان دا هەیە؟ ئەو شارانەی خۆرهەڵاتی سوودان کامانەن کە کوردییان تێدا ژیاوە؟ کوردەکانی خۆرهەڵاتی سوودان خەڵکی کام پارچەی کوردستانی گەورەن؟ ژمارەی کورد لە شارەکانی رۆژهەڵاتی سوودان چەندە؟

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و خستەنەڕووی مێژوو و جوگرافییای کوردە لە خۆرهەڵاتی سوودان، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە توێژەر ماوەی سێ ساڵ لە سوودان ماوەتەوە و زۆربەی شارەکانی سوودان گەڕاوە، ویستوویەتی جوگرافیای نیشتەجێبوونی کورد لە سوودان بخاتەڕوو، لە هەمان کاتدا مێژوو و رۆڵی کوردەکانی خۆرهەڵاتی سوودان بە خوێنەری کورد بناسێنێت.

نزیکترین توێژینەوە، کە پێش ئەم توێژینەوەیە کرا بێت؛ توێژینەوەیەکی ماستەرە کە لە بەشی مێژوو لە زانکۆی ئەلنیلەین کراوە بە ناوی (الکرد دخولهم و دورهم في السوودان) لە نوسینی (جوهر جلال وسو ) لە ساڵی( ٢٠١٤ز). جگە لەم نامەی ماستەرە، توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی تری نزیک لە بابەتەکەی نەدۆزییوەتەوە.

## باسی یەکەم: کورد لە ویلایەتی دەریای سوور

### تەوەری یەکەم: شاری سەواکن

سەواکن شارێکی بازرگانیی کۆنە، لە رێگای دەریای سوورەوە، سوودان بە حیجاز و هند و میسر ئەبەستێتەوە، لە رێگای وشکانیشەوە بەهۆی رێگای بەربەرەوە سوودان بە میسر ئەگەیەنێت، جگە لەوەی لەناوخۆی سوودان یشدا رۆژهەڵاتی سوودان بە شاری سنار و ویلایەتی کوردۆفان و دارفور گرێ ئەدات (حسین : ٢٠١٣: ٧٥).

سەبارەت بە مێژووی درووستبوونی شاری سەواکن و بەندەرە دەریاییەکەی، مێژووناسان هاوڕا و کۆک نین، بۆچوونێکی ئەفسانەیی هەیە ئەویش وەک زۆربەی دوورگەکانی تری دەریای سوور کە کەسی تێدا نەژیاوە و چۆڵ بووە، بە دوورگە و شوێنی ژیانی جنۆکە ناویاننناوە. سەبارەت بە ناوی سەواکن بۆچوونێک هەیە ئەڵێت مەلیکە کۆنەکانی حەبەشە پەیوەندیی تەبایی و دۆستایەتییان لەگەڵ قەیسەرەکانی رۆمدا هەبووە، یەکێک لە مەلیکەکانی حەبەشە حەوت کیژۆڵەی جوان بە دیاریی بە بەلەمێکدا بۆ قەیسەری رۆم ناردووە، لە رۆیشتنیاندا لە دوورگەی سەواکن بەلەمەکەیان بۆ پشوودان وەستاوە، بەڵام ئەم دوورگەیە جگە لە جنۆکە مرۆڤی تێدا نەژیاوە، دوای ئەوەی کیژۆڵەکان لە دوورگەکە دابەزیوون، جنۆکەکان دەستیان بە سەردا گرتوون و رێگەیان نەداوە سەفەر بکەن، دواتریش هاوسەرگیرییان لەگەڵ کردوون و وەچەیان خستۆتەوە و دوورگەکەیان ئاوەدان کردووەتەوە و ناوی (سبع جن)یان لێناوە، دواتر بە سواجن و دواتریش بۆ سەواکن گۆڕاوە (شقير: ٢٠١٧: ١٣٤).

ئەم شارە ئەکەوێتە بەشی رۆژئاوای دەریای سوور، نزیکەی ٧٠٠ میل لە نۆکەندی سوێس و ٢٠٠میل لە جەدەوە دوورە، لە دوورگەیەک پێکهاتووە و رووبەرەکەی یەک میل و نیو و بەندەرێکی هەیە پێی ئەڵێن (القيف)، دوورییەکەی بە ئاڕاستەی دەریا ٤٠ م ئەبێت و لە کۆندا بە بەلەم بۆ ناو دوورگەکە ئەپەڕینەوە، بەندەرەکەی بۆ کەشتیوانی لەباربووە، چونکە شەپۆلەکانی دەریا لەوێدا ئارامن، بەڵام کەمێک بەرتەسک بووە، ئەم شارە لەگەڵ شاری پۆرت سوودان سنووری دەریایی سوودان پێکئەهێنن و وڵاتەکە بە جیهانی دەرەوە ئەبەستنەوە، چەند جۆرێکی ماسی چێژبەخش لە ئاوی دەریاکە ئەژین، کە خەڵکی ناوچەکە وەک خۆراکی سەرەکیی بەکاری ئەبەن و ئارەزووی ئەکەن ، لەوانە ماسی (الارش)، ئاووهەوای سەواکن لە هاویندا گەرمە و لە زستانیشدا شێدارە و ٢٠ خولەک پێش قاهیرە رۆژی هەڵدێت، بە ناوچەیەکی چیایی دەورە دراوە؛ وەک چیاکانی سنکات و ئەرکەویت، کە نزیکەی ٤٠٠٠ پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزن، لە شاری سەواکن کانیی و رووبار نییە، دانیشتوانەکەی ئاوی باران ئەخۆنەوە، کە لە وەرزی زستاندا کۆی ئەکەنەوە (حسين : ٢٠١٣: ٧٦).

زۆرینەی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی دەریای سوور لە هۆزە عەرەبیەکان پێکهاتوون، لە دوای ئەوانەوە هۆزە ئەفریقیایەکانن، بەڵام سەبارەت بە ناوچەکانی رۆژئاوای دەریای سوور، کە بەشێوەیەکی ستوونیی لە سنووری سوودانەوە بۆ میسر درێژ ئەبێتەوە هۆزی (بیجە) زۆرینەی دانیشتوانەکانی پێکئەهێنن و گەورەترین هۆزی ناوچەکەیە، ئەویش لە چوار تیرەی سەرەکیی پێکدێت کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بەشارییەکان (البشاريون): ئەم هۆزە لە ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای دەریای سوور تا ئەگاتە ناوچەی ئەسوان لە باشووری میسر نیشتەجێن، بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و بازرگانییکردن بە حوشترەوە سەرقاڵن.

دووەم: ئەمرارییەکان (الامرار): لە خوارووی سنووری بەشارییەکان نیشتەجێن و زۆرینەیان خەریکی کشتوکاڵن.

سێیەم: هەدەندوییەکان (الهدندوة): ئەم تیرەیە ژیانیان لەسەر کشتوکاڵکردن و شوانکارەیی ئەڕوات و لە ناوچە دەشتاییەکانی رۆژئاوای شاری سنکات و دەلتای قاش بڵاوبوونەتەوە.

چوارەم: بەنی عامر (بني عامر): رەچەڵەکی ئەم هۆزە ئەگەڕێتەوە بۆ سەر هۆزە عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبیی و سێیەکی ئەم هۆزە لە ناو خاکی سوودانن، دوو بەشەکەی تریان لە ناو ئەریتریا ئەژین (احمد: ٢٠١٤: ٤).

شاری سەواکن ئەکەوێتە سەر دەریای سوور، هەر ئەوەش بووە بە هۆی ئەوەی نەتەوە و هۆزی جیاوازی تێدا بژین، لە زۆربەی ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقییاوە خەڵک روویان تێکردووە، لەوانە عەرەبی یەمەن و عومان و

حیجاز و میسر، هەروەها نەتەوەکانی تری وەک تورک و هیند و حەبەشی و کورد (حسین : ٢٠١٣: ٧٧).
لە دوای ئەوەی عوسمانییەکان دەستیان بەسەر سەواکن دا گرت و کردیان بە ناوەندێکی کۆکردنەوەی هێز و خۆئامائەکردن، لەوێوە هێرشیان بۆ سەر حەبەشە کرد(یسن: ٢٠٢١: ٧٦)، لە سەرەتادا سەواکن لە رووی کارگێڕییەوە کرا بە سەنجەق و سەر بە لیوای میسر بوو، یەکەم ئەمیری سەنجەقەکە عەبدولباقی بەگ بوو (MÜDÜRLÜ⊠Ü : ٢٠١٤: ٥١).

کورد لە سەردەمی حوکمی عوسمانییەکاندا رۆڵێکی گرنگ و سەرەکییان لە بونیادنانی لە شار و بەندەری دەریایی سەواکن دا بینییوە (ئەبو عەلی موسا: ٢٠٢١/٩/٧ز: چاوپێکەوتن)، مێژووی کۆچی کورد بۆ رۆژهەڵاتی سوودان بە گشتیی و شاری سەواکن بە تایبەتیی، بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی لە ساڵی ١٥١٧ز ئەگەڕێتەوە، عوسمانییەکان لە دوای داگیرکردنی باکوور و ناوەڕاستی میسر بۆ داگیرکردنی سەواکن لە رۆژهەڵاتی سوودان و ئەسوان و ئیبرم و سای لە باشوری میسر هێزیان کۆکردەوە، ئەو لەشکرەی ئەم ئەرکەیان پێسپێراو بوو، زۆرینەیان کوردی خەڵکی شاری دیاربەکر و موسڵ بوون، بەڵام لە ئێستادا بە ئەستەم ئەتوانیت جیاوازیان بدۆزیتەوە لەگەڵ خەڵکی رەسەنی ناوچەکە، بەڵکو شێوەیەکی ئەفریقیای هۆزی ناوداری بیجەیان وەرگرتووە و لەگەڵ ئەواندا تێکەڵبوون، بەشێک لە تیرەکانی هۆزی گەورەی بیجە وەک هەدەندەوە(هدندوة) و حەزەر (الحضر) لە نەوەکانی ئەو کوردانەن کە لەگەڵ ئەم هۆزدا تێکەڵبوون، ژنخوازی لە نێوانیاندا درووست ووە و بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای بیجەن. بەڵام بۆ ئەندامانی تیرەی حەزەر (الحضر) ئەستەمە بتوانن هاوسەرگیریی لەگەڵ هۆزی دەشتەکیی (البدو) بکەن، چونکە ئەم هۆزە کەنارگیر و خۆپارێزن و کەمتر لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا تێکەڵ ئەبن، بەڵکو زیاتر لە نێوان خۆیاندا هاوسەرگیریی ئەکەن و هاوسەرگیریی لە دەرەوەی خۆیان بە جۆرێک لە شەرم و نەنگی ئەزانن (بورکهارت: ٢٠١٧: ٣٤٥).
لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، گۆڕانکارییەکی نوێ لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و موحەمەد عەلی پاشا دەربارەی سوودان روویدا، موحەمەد عەلی باشا داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کە هێرش بکاتە سەر سوودان و داگیری بکات، مرۆڤی بەهێزی لە رووی جەستەییەوە دەست بکەوێت ئامانجی بەهێزکردنی سوپاکەی بووە بە سەربازی سوودانیی و بەهێزکردنی ئابوورییەکەی بە دۆزینەوە و دەرهێنانی زێڕ لە ناوچە جیاوازەکانی سووداندا.(قدال : ٢٠٠٢: ٢٦).

لە سەردەمی داگیرکاریی دووەمی عوسمانیی لە سوودان لە ساڵی ١٨٢٠ز و ماوەی حوکمی موحەمەد عەلی پاشا، شەپۆلێکی تری کورد روویکردە سوودان بە گشتیی و شاری سەواکن بەتایبەتیی، ئەم جارەشیان بەشێک بوون لە پێکهاتەی سوپا، هەندێکیشیان سەرکردەی سەربازیی بوون، لەوانە سلێمان کوردیی، کە پێشتر بە ئەرکێکی سەربازیی لە یەمەن بووە، لەلایەن دەسەڵاتی باڵای سەربازیی عوسمانییەوە بۆ زاڵبوون بەسەر هێزی بیجەی بەرهەڵستکاری عوسمانییەکان لە سەواکن گوازرایەوە، هۆکاری گواستنەوەی لە یەمەنەوە بۆ سەواکن ئەزموونی پێشووی بووە، لە سەرکەوتن بە سەر هۆزە جیاوازەکانی یەمەندا، لە سەرەتاوە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سووداندا توشی هێرش و هەڵگەڕانەوەی بەردەوامی هۆزی بیجە بووەتەوە. هێزەکەی سلێمان کوردیی لە بەشێک لە خزمەکانی خۆی پێکهاتبوون ، هەروەها هەندێکیشیان میسریی بوون. لە دوای گەیشتنی بە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوودان، لە ماوەیەکی کورتدا توانی بەسەر هۆزی بیجەدا سەرکەوت و شۆڕش و راپەڕینەکانیان لە دژی دەسەڵاتی عوسمانیی کپکردەوە ، بەڵام دوای ٤ ساڵ لە جێبەجێکردنی ئەرکە سەربازییەکانی لە سوودان لە

چوارچێوەی سوپای عوسمانییدا، کێشە و ناکۆکی نێوان سلێمان کوردیی و سەرکردەیەکی سەربازیی عوسمانیی لە سەواکن بە ناوی ئەحمەد پاشای چەرکەسیی دروستبووە، لەبەر ئەوە سلێمان کوردیی کاری سەربازیی جێهێشت و لە ناو هۆزی بیجە نیشتەجێبوو، ئەوانیش کچێکی خۆیانیان پێدا و پەیوەندیی خزمایەتیی لەگەڵ بیجەدا درووستکرد، بووە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆنفیدراسیۆنی هۆزی بیجە، لەو کچە بیجاوییە (٣) منداڵی بە ناوەکانی (ئەحمەد و عەلی و زەینەب) هەبووە (ئەبو عەلی موسا: ٢٠٢١/٩/٧ز: چاوپێکەوتن).

لە شاری سەواکن بنەماڵەیەکی تری کوردیی بەناوی بنەماڵەی سلێمان کوردیی هەبوون، لە ساڵی ١٨٢١ز وەک ئەفسەرێکی بەشدار لە سوپای موحەمەد عەلی پاشا لەو شارە نیشتەجێ بوون، سەبارەت بە زێدی ڕەسەنی سلێمان کوردیی لە کوردستان، بە وتەی یەکێک لە نەوەکانی بە ناوی (مەحمود موحەمەد ئیبراهیم کوردیی) کە پیشەکەی دادوەری خانەنشین بوو، خەڵکی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان بوون (ئیبراهیم کوردیی: ٢٠٢١/٩/١٠: چاوپێکەوتن).

یەکێکیش لەو بازرگانە کوردانەی ١٨٧٠ز هاتۆتە سوودان، ناوی موحەمەد حەموی خەڵکی شاری ئامەدی باکووری کوردستان بوو، پێشتر لەناو سوپای عوسمانییدا پلەی رائد بووە، لە دوای خانەنشینبوونی لە نێوان سوودان و یەمەن و حیجاز کاری بازرگانیی کردووە(باشري : ١٩٦٢: ٤٢٥).

لە ساڵی ١٨٢١ز ئەفسەرێکی کوردی تری سوپای عوسمانییەکان بەناوی ئیبراهیم ئاغا جەنۆ کوردیی لە شاری ئەستەمبوڵەوە بە ئەرکێکی سەربازیی بۆ شاری سەواکن گوازراوەتەوە ، وەک سەرکردەیەکی سەربازیی شەڕی لە دژی داگیرکاریی ئیتاڵییەکان لە رۆژهەڵاتی سوودان کردووە (ئەلخوزری: ٢٠٢١/٩/٧: چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ).

لە شاری سەواکندا بنەماڵەیەکی تری کورد هەن بەناوی نەوەکانی موحەمەد عەلی عەبدولنەبی یەعقوب یوسف کوردیی، کە لە شاری ئامەدەوە بۆ مەبەستی بازگانییکردن روویکردۆتە سوودان و لە شاری سەواکن نیشتەجێبووە، دوای مانەوەی ساڵێک لە شارەکەدا هاوسەرگیریی لەگەڵ کچێکی ئیبراهیم ئاغا جەنۆ کوردیی بەناوی فاتمەوە کردووە، لەو خێزانەی پێنج کوڕی بە ناوەکانی (مەحمود، ئەحمەد، حسێن، عەبدولرەحیم، عەلی) و دوو کچ بە ناوەکانی (زوهرە، زەینەب) هەبووە، هەموو منداڵەکانی لە شاری سەواکن لەگەڵ خێزانە کورد و تورکەکانی شارەکە هاوسەرگیرییان کردووە، منداڵ و نەوەکانیشیان جگە لە شاری سەواکن لە ئەرکەویت و سنکات و کەسەلا بڵاوبوونەتەوە، ئەم بنەماڵەیە بە تەنیا ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ خێزانە، کە لە ١٢٠٠ کەس پێکدێن (سەعید کوردیی: ٢٠٢١/٥/٢: چاوپێکەوتن).

**تەوەری دووەم: شاری تۆکەر**

شاری تۆکەر ئەکەوێتە باشووری شاری سەواکن بە دووری (٤٠) میل (الرافعی: ١٩٨٣: ١١٤)، زەوییەکی کشتوکاڵیی فراوانی هەیە کە زۆرینەی بە لۆکە و نیسک دەچێنرێت، چەند کارگەیەکی بچوکی ناوچەیی کاری هاڕینی دانەوێڵە ئەکەن، جگە لە هۆزەکانی رۆژهەڵاتی سوودان بە رێژەیەکی کەم خەڵکی زەنجی ئەفریقیی تێدا ئەژین (عبدالرسول: ٢٠١٤: ١٢٨)، چاندنی لۆکە لە دەشتی تۆکەر و لە نزیک رووباری خۆر بەرەکە، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بۆ سەدەی سێی زایینی ئەگەڕێتەوە، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانیی مومتاز پاشا کە وەک بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی دەریای سوور دەستبەکاربوو، چاندنی لۆکە چووە قۆناغێکی دیکە و بەشێوەیەکی زانستیی و هاوچەرخ چێنرا، بەرهەمی لۆکەی هەناردەی وڵاتانی دەرەوەی کیشوەری ئەفریقییا کرد

و لە ساڵی ١٨٦٦ز لە ڕێگەی بەندەری سەواکنەوە گەیشتە بازاڕە جیهانییەکانی وەک هیند و ئەمریکا (الشامی: ١٩٦١: ١٤٥)، دەشتی تۆکەر و خۆر بەرەکە بە ئاوی سەرزەوی دەوڵەمەندن، ڕووباری بەرەکە و تۆکەر لە وڵاتی ئەریتریا هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنە ناو خاکی سوودان، هەڵگری دەیان ماددەی ئەندامی و خۆراکی زەویین، ئەم تایبەتمەندییە سروشتییە ناوچەکەی بەکشتوکاڵیی کردووە، بژێوی ژیانی زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە لەسەر کشتوکاڵکردنە (الامام : ٢٠١٠: ٣٩).

بەشێک لە کوردەکان لە شاری تۆکەر لە دوای هاتنی سوپای موحەمەد عەلی پاشاوە هاتوون، سەرقاڵی کشتوکاڵکردنن، لە دیارترین کەسەیەتییەکانی کورد لە شارەکەدا سلێمان موحەمەد کوردیی بوو، کە پێشتر لە ناوچەی خۆر بەرەکە نیشتەجێ بووە، بەڵام دوای ئەوەی ئینگلیز زەوی کشتوکاڵیی بەسەر جوتیارانی ناوچەکە دابەشکرد، ئەویش بە ئامانجی وەرگرتنی زەوی بۆ تۆکەر کۆچیکرد، نزیکەی (١٠٠) فەدان زەوی کشتوکاڵیی وەرگرت و بە لۆکە دەیچاند و ئینگیز بەرهەمەکەی لێدەکڕینەوە و لە ڕێگەی بەندەری سەواکنەوە بۆ بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپا دەنێردرا، ، سلێمان موحەمەد کوردیی لەو زەوییە کشتوکاڵییەی وەریگرتبوو تاڕادەیەکی باش ژیان و گوزەرانی خۆی و خێزانی دابین ئەکرد، بەڵام زۆری پێناچێت پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردەی سەربازیی ئینگیز لە ناوچەکە تێکدەچێت، چونکە لە کاتی سەردانیکردنی سەکردە سەربازییەکەی ئینگلیز خەڵکی ناوچەکە لەبەری هەڵدەستن، بەڵام سلێمان موحەمەد کوردیی لە بەری هەڵناستێت و ئەڵێت ئەمە ئینگلیزی ڕەسەن نییە و ئێرلەندییە، ئەم ڕەفتارەی سلێمان کوردیی سەرکردە سەربازییەکەی ئینگلیز توڕە ئەکات و زەوییە کشتوکاڵییەکەی لێدەستێنێتەوە، بەڵام سەرۆک هۆزی هەدەندەوە داوای لێخۆشبوونی بۆ کردووە و وەک سزادانێک (٥٠) فەدان زەوی لە سێ ناوچەی جیاواز و دوور لە یەکتری پێدراوەتەوە، ئەوانیش (٢٠) فەدان لە نزیک دەریای سوور کە بەهۆی زۆری ڕێژەی خوێ لە خاکەکەیدا بۆ کشتوکاڵکردن گونجاو نەبوو، (٢٠) فەدان لە ناوچەی مەرافین لە باشووری تۆکەر و (١٠) فەدان لە ناوچەی مەفرەس، سلێمان موحەمەد کوردیی هەرچوار وەرزەکانی ساڵ لە تۆکەر نەدەمایەوە، بەڵکو تەنها لە وەرزی زستاندا کشتوکاڵیی ئەکرد و لە هاویناندا دەچووە ناوچەی خۆربەرەکە، چونکە وەرزی هاوین لە تۆکەر زۆر گەرم بوو نەیدەتوانی بەرگەی گەرمای ئەو ناوچەیە بگرێت (سلێمان کوردیی: ٢٠٢١/٩/٦: چاوپێکەوتن).

### تەوەری سێیەم: شاری پۆرتسوودان

مێژووی دروستبوونی شاری پۆرتسوودان بۆ ساڵی ١٩٠٥ز ئەگەڕێتەوە و بیرۆکەی بنیاتنانی ئەم شارە لەوەوە هات کە بەندەری سەواکن نەیدەتوانی پێشوازی لە کەشتیگەلی گەورە بکات، چونکە شوێنەکە بەرتەنگ بوو، بۆیە بەریتانیا لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی گەورەتر و گونجاو بەمەبەستی بنیاتنانی بەندەرێکی نوێ لەسەر دەریای سوور ڕاسپارد، دوای گەڕان و کارکردنی لیژنەکە ناوچەی (مرسی الشیخ برغوس)یان دیاریکرد بۆ ئەوەی بەندەرێکی فروانی لێ دروست بکرێت و توانانی پێشوازیکردنی لە کەشتیگەلی گەورەی بازگانی هەبێت و ببێتە دەروازەیەکی نوێی دەریایی سوودان، ئەم بۆچوونە بە پەسندتر دانرا لەوەی جارێکی تر بەندەری سەواکن فروانتر بکرێت، بەم کارە بەریتانیا دوو ئامانجی پێکا؛ یەکەمیان پەراوێزخستنی بەندەری سەواکن و سڕینەوەی شوێنەواری عوسمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی سوودان، دووەمیان دروستکردنی بەندەر و شارێکی تازە بە شێوازی تازەی بەریتانیی، بۆیە ئەو شوێنەی لیژنەکە دیاریکردبوو کردیان بە بەندەر و ناوێکی ئینگیزیشیان بە

ناوی بەندەر و شاری پۆرتسوودان بۆ دانا (ادریس : ٢٠٢١: ٣٦-٣٧).
دانیشتوانی شاری پۆرتسوودان تێکەڵەیەکی جۆراوجۆرە لە خەڵکی سوودان (لە رۆژهەڵاتی سوودان لە شارەکانی سەواکن و سنکات و کەسەلا و ناوچەکانی خۆربەرەکە و ئەرکەویت)و یەمەن و بیانی بە گشتیی، بەشێکی زۆری خەڵکی بیانی لە شاری سەواکنەوە هاتوونەتە ئەم شارە، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی جوڵەی بازرگانیی دەریایی لە ناوچەی سەواکنەوە بۆ بەندەری نوێ لە شاری پۆرتسوودان، تا ساڵی ١٩٣٤ لە ٢٥٪ ی دانیشتوانی شارەکە خەڵکی بیانی بوون، کە لە یەمەنی و تورک و هیند و کورد پێکهاتبوون، بەشێکی زۆری خەڵکی بیانی شارەکە خەونیان بە گەڕانەوە بۆ نیشتمانی رەسەنی خۆیان دەبینی، بەڵام لەهامەن کاتدا لەوانەیە لە خەڵکە خۆشبەختەکانی سوودانییش بووبن، چونکە شاری پۆرتسوودان لە شارە هەرە جوان و مۆدێرنەکانی سوودان بوو، کە لەسەرشێوازێکی نوێی شاری مۆدێرن لەلایەن ئینگلیزەوە دروستکرابوو ( الشامی: ١٩٦١: ١٨٠-١٨٦).
شاری پۆرتسوودان بە حوکمی ئەوەی شارێکی نوێیە و زۆرینەی خەڵک سەرقاڵی بازرگانییکردنی دەرەکی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی سوودان و بازرگانیی ناوخۆیی لە نێوان رۆژهەڵاتی سوودان و شارەکانی تر لە ناوەڕاست و باشوور و خۆرئاوای سوودان بوون، جگەلەوەی بەشێکی خەڵکی کارگێڕیی و فەرمانبەری میریی بوون.
سەبارەت بە ئامادەیی کورد و کۆچکردنیان بۆ شاری پۆرتسوودان لە تەواوی خەڵکی سوودان جیاواز نەبووە، بەڵکو ئەوانیش لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە کۆچیان کرد و نیشتەجێی شارەکە بوون و خەریکی بازرگانییکردن و کاری میری بوون.
لە شاری سەواکنەوە چەند خێزانێکی کورد کۆچیان کرد بۆ پۆرتسوودان، یەکێک لەو خێزانانە نەوەکانی مەحمود موحەمەد عەلی کوردیی بوون، کاری سەرەکییان بازرگانییکردن بوو لە نێوان بەندەری پۆرتسوودان و شارەکانی تری سوودان، لە سەرەتادا کاریان سادە بوو، بەڵام لە دواییدا بازرگانییەکەیان فراوان بوو، کۆمپانیای گواستنەوەیان بۆ دامەزراند، لە ئێستادا هاشم کوردیی و عەبدولرەحیم کوردیی و کوڕو نەوەکانیان (موحەمەد کوردیی: ٢٠٢١/٩/٨: چاوپێکەوتن) لە گەڕەکەکانی بازاڕی سەرەکیی و گەڕەکی (العظمة) و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و (الثورة) و گەڕەکی (المطار)دا بڵاوبوونەتەوە و ژمارەیان نزیکەی ٦٠ خێزان و (٣٠٠) کەس دەبن (عەبدولحەمید عەبدوڵا: رێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧: چاوپێکەوتن).
لە شاری کەسەلاوە خێزانی ئیبراهیم موحەمەد حەمۆ کوردیی کۆچیان بۆ شاری پۆرتسوودان کرد و لە سەر شەقامی دەریا خانویەکی گەورەیان دروستکرد، ناوی کۆشکی (زەعفەران)یان لێنابوو، لە ئێستادا بە سەرای میرغەنی ناسراوە، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٠٢ز خانووی لە عەلوەیە میرغەنی کڕی، ئەم خانووە لە سەنتەری تەلەگرافی رۆژهەڵات نزیکبوو، ئەم نزیکییە هۆکاری گرنگی سەرنجراکێشانی ئیبراهیم موحەمەد حەمۆ کوردیی بوو، چونکە خۆشی فەرمانبەری هەمان فەرمانگە بوو، پێشتریش باوکی خانەنشینی کۆمپانیای تەلەگرافی بەریتانیی و کەسێکی چالاک و شارەزای بوارەکە بوو، ئیبراهیم موحەمەد حەمۆ کوردیی لە ساڵی ١٩٣٨ سەرۆکی شارەوانی شاری پۆرتسوودان بوو، لە ماوەی بەرپرسیاریەتیەکەیدا چەندین کاری باش و نوێی بۆ شارەکە ئەنجامدا کە لە هەموویان گرنگتر دروستکردنی شۆستەی جادەکانی تەواوی شارەکە بوو (بدوي: ٢٠٢٢: ١٨٤).
لەگەڵ دەستپێکی بنیادنانی شاری پۆرتسوودان، لە شاری (سنکات)یشەوە بنەماڵەیەکی تری کورد ماڵەکەیان بۆ شاری پۆرتسوودان گواستەوە، ئەویش ماڵی موحەمەد ئیبراهیم کوردیی بوو کە گەڕەکی (دیم المدینة)دا نیشتەجێبوون و خەریکی کاری بازرگانییکردن و دوکانداریی بوون ، خاوەنی چوار دوکانی گەورەی فرۆشتنی

قوماشـی پیـاوان و ئافرەتـان بـوو، قوماشـی لـە هنـد و چینـەوە بـۆ دەهـات، جگـە لـە شـاری پۆرتسـوودان کاڵاکانـی بـۆ شـارەکانی خەرتـووم و ئـوم دەرمـان دەنـارد (ئیبراهیـم کوردیـی: ۲۰۲۱/۹/۱۰: چاوپێکوەتـن).

لـە ٨ی نۆڤەمبـەری سـاڵی ۱۹٥۹ز رێککەوتنێـک لـە نێـوان حکومەتـی میـسر و سـوودان بـە مەبەسـتی دابەشـکردن و چۆنیەتـی سـوودمەند بـوون لـە ئـاوی رووبـاری نیـل واژۆکـرا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بڕیـاردرا بەنداوێکـی گـەورە لـە سـەر رووبـاری نیـل لـە ناوچـەی ئەسـوانی میـسر بنیادبنرێـت، کـە بـۆ ئـەو سـەردەمە لـە رووی رێـژەی گلدانـەوەی ئـاو و داپۆشـینی رووبـەری وشـکانی گەورەتریـن بەنـداوی جیهـان بـوو، لەبـەر ئـەوەی شـاری ئەسـوانی میسریـی ئەکەوێتـە باشـووری وڵاتەکـە و لەگـەڵ سـوودان هاوسـنورە، بەنداوەکـە بەشـێکی خاکـی سوودانییشـی نقـوم ئەکرد بە شـاری وادی حەلفـای سەرسـنوورەوە، ئـەو رووبـەرەی خاکـی سـوودان کـە دەریاچەکـە دایدەپۆشـی نزیکـەی ١٥٠ کـم چوارگۆشـە و لـە ٢٨٪ی کـۆی رووبـەری دەریاچەکـەی پێکدەهێنـا، لـە دوای تەواوبوونـی بەنداوەکـە شـاری وادی حەلفـاو ٢٧ گونـدی دەوروبـەری ژێرئـاو کەوتـن (وسـو: ۲۰۲۱: ٣٤)، لـەو ناوچەیەشـدا ژمارەیەکـی زۆری خێزانـی کوردیـی دەژیـان و بـە ناچـاری بـۆ دەرەوەی ناوچەکـە کۆچیـان کـرد، هەندێـک لـەو خێزانانـە چوونـە شـاری پۆرتسـوودان و وەک فەرمانبـەری میریـی و بـازرگان دەسـتبەکار بـوون، لـە ئێسـتادا هەندێـک لـەو خێزانانـە ماونەتـەوە، لەوانـە موسـتەفای عیسـا موحەمـەد کوردیـی و رامـی عیسـا کوردیـی و ئەفـراح سـلێمان کوردیـی، ئـەم خێزانانـە لـە ڕووی ئابوورییـەوە ماماوەندیـن، هەریەکەیـان پێنـج منداڵیـان هەیـە، موسـتەفا بەڕێوەبـەری ژمێریـاری دەزگای دادی شـاری پۆرسـوودان و رامـی کوردیـی بەڕێوەبـەری گومرگـی شـارەکەیە (موحومـود کوردیـی: ۲۰۲۱/۹/۸: چاوپێکەوتـن).

**تەوەری چوارەم: شاری سنكات**

شـاری سـنکات ئەکەوێتـە نێـوان شـاری کەسـەلا و سـەواکن و پۆرتسـوودانەوە، پایتەختـی هۆزەکانـی هەدەنـدەوەی باکـووره و نزیکـەی (١٠٠٠) پـێ لـە ئاسـتی دەریـا بـەرزە، ئاووهـەوای ماماوەنـدە و لەهاوینـدا فێنکـە و لـە زستانیشـدا سـارد و وشـکە، لـە سـەرەتای دروسـتبوون و ئاوەدانبوونیـەوە، خەڵکـی شـاری سـەواکن و دەورووبـەری دەریـای سـوور وەک هەوارگـە بەکارییـان هێنـاوە، لـە وەرزی زسـتان دوای دابەزینـی پلەکانـی گەرمـا گەڕاونەتـەوە شـارەکانی خۆیـان و خەریکـی بازرگانییکـردن بـوون، بـەڵام لـە هاوینـدا لـە سـنکات و دەوروبـەری سـەرقاڵی کشـتوکاڵکردن بـوون (ضرار :١٩٩١: ١٧٧).

لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆزدەوە چەنـد ماڵێکـی کـورد لـە شـاری سـەواکنەوە بـۆ شـاری سـنکات کۆچیانکـردووە، لەوانـە عەلـی موحەمـەد کوردیـی و چەنـد بنەماڵەیەکـی تـر بـوون، ئەمانە لـە هـۆز و بنەماڵەکانی (باشـەری، البربـري، البخـاري، الکاظمـي، قەلەنـدەر، تورکـی) بـوون، کـۆچ و رەوەی ئـەم هۆزانـە لـە هاویـن و زسـتاندا شـارەکەی گـەورە و فراوانـتر بـوو، لـە سـەرەتای هاتنـی کـورد بـۆ ئـەم ناوچەیـە لـە رێگـەی حوشـترو گوێدرێـژەوە بـووە، بـەڵام لـە دواییـدا بەهـۆی کـۆچ و رەوی کـوردان رێگایەکـی نـوێ لـە نێـوان و سـنکات و سـەواکن دۆزرایـەوە و ئەندازیـاری دۆزینـەوەی ئـەم رێگایـە موحەمـەد عەلـی مەحەمـەد عەلـی کوردیـی بـوو، کـورد لـەم شـارە هەتـا سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بەشـێکی سـەرەکیی و بەشـدارێکی بەرچاویـان هەبـوو، لەنـاو شـاری سـنکاتدا گەڕەکێکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـوو بەنـاوی گەڕەکـی کوردیـی، کـە ئەکەوێتـە چەقـی شـارەکە لـە نزیـک بـازاڕی سـنکات، بـەڵام لـە دوای شەسـتەکان بەشـی هـەرە زۆریـان بـە هـۆکاری خوێنـدن و ئیـش و کارەوە کۆچیـان بـۆ شـاری خەرتـووم و ئـوم دەرمـان و بـەری کـرد، زۆرینەیـان لـە فەرمانگـە و دامەزراوەکانـی دەوڵەتـدا کاریـان کـرد، بەشـێک لـەو خێزانـە

کوردییانە هەتا ئێستاش خانووەکانیان لە شاری سنکاتدا ماوە و لە دوای تەواوبوونی وەرزی خوێندن، بە تایبەت لە هاویناندا بە مەبەستی پشوودان و دوور کەوتنەوە لە جەنجاڵی شاری خەرتووم و بۆ ماوەی چەند مانگێک دەگەڕێنەوە بۆ شاری سنکات و هەندێکیشان خانووەکانیان فرۆشتووە، تەنها لە بۆنەکانی جەژن و شایی و شیندا بۆ سەردانیکردنی کەس و کاریان دەگەڕێنەوە (موحەمەد کوردیی: ٢٠٢١/٩/٦: چاوپێکەوتن) .
شاری سنکات لە ئێستادا بە تەواوی پشتگوێخراوەو خزمەتگوزارەییەکانی زۆر سەرەتایین و هەژارییەکی زۆر باڵی بەسەر شارەکەدا کێشاوە و بە رووخساری خەڵکی شارەکەوە دیارە، توێژەر لە کاتی سەردانیکردنی شارەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی سەبارەت بە مێژووی کۆچکردنی کورد بۆ شارەکە و کاریگەرییان لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی لە ناوچەکەدا، بە روونی بۆی دەرکەوت هەتا ئەوکاتە خەڵکی شارەکە بۆ گواستنەوەی کەل و پەلەکنیان لە ناو بازاڕ و ماڵەکانیاندا سوودیان لە گوێدرێژ و عارەبانە وەردەگرت، دیمەنەکە بە ژیانی سادەی دەیەی سێیەم و چوارەمی سەدەی بیستی خەڵکی شارەکانی کوردستانی باشوور دەچوو، ئەم شارە بەهۆی دوورە دەستی کەمترین خەڵکی بیانی سەردانی ئەکات، ئەمەش وای لە خەڵکی شارەکە کردووە کە کەسێکی بیانی و سپی پێست ڕوو ئەکاتە شارەکەیان هەست بە نامۆیی کەسەکە یەکەن، هەر لەبەر ئەمەش بوو لە کاتی بەجێهێنانی چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتور موحەمەد ئیبراهیم کوردیی لە ناو دەرمانخانەکەی لە ناو بازاڕی شارەکەدا، خەڵکێکی زۆر لە دەوربەریان کۆبویەوەو بە سەرنجێکی قوڵەوە سەیری توێژەر و کارەکەیان ئەکرد و پرسیاری نرخی مۆبایلە سادەکەیان ئەکرد و بەلایانەوە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو، کە لە ڕاستیدا ئەو مۆبایلە لە باشووری کوردستاندا زۆر سادە و هەرزان بوو، هەندێک لەو خەڵکانەی کە چاودێری چاوپێکەوتنەکەیان ئەکرد، ئەو کاتانە کە دکتور موحەمەد ئیبراهیم کوردیی کڕیارێکی دەرمانی دەهات و سەرقاڵی ئەوان دەبوو داوای تەنها دۆلارێک یان هەزار جونەیهێکیان لەتوێژەر ئەکرد.
لەئێستادا ژمارەی ماڵی کورد لە شاری سنکاتدا تەنها (١١) ماڵ و نزیکەی (٦٠) کەس دەبن و ئەوانەی تر زۆرینەیان بۆ پۆرتسوودان و خەرتووم و ئوم دەرمان و بەحری کۆچیان کردووە (موحەمەد کوردیی: ٢٠٢١/٩/٦: چاوپێکەوتن) .

## باسی دووەم: کورد لە ویلایەتی کەسەلا

شاری کەسەلا دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (٢٤-٣٦) و پانی (٢٨-١٥) و لە دامێنی چیای حەبەشەی باکوور کە ئیستا ئەکەوێتە ناو خاکی ئەریتریا، لە رۆژهەڵات و رۆژئاوایدا بە دوورییەکی مامناوەند دەشتێکی بەرین هەیە، لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری کەسەلادا چیایەک هەیە بەرزییەکەی لە ئاستی رووی دەریادا ٣٩٦٠ پێ بەرزە، ئەم شارە ئەکەوێتە سەر دوو رێگای بازرگانیی ناوخۆیی، ئەوانیش رێگای ناوەڕاست و خۆرئاوای سوودان بە شاری سەواکن و خۆربەرەکە و تۆکەر و پۆرتسوودان بەیەکدەگەیەنێت، هەروەها رێگای بەستنەوەی سوودانە بە باکوور و میسرەوە، لەسەر ئەم رێگەیە کۆمەڵێک بیر لێدرابوو بۆ ئەوەی رێبواران ئاوی لێبخۆنەوە ، لە ساڵی ١٨٤٠ز موحەمەد عەلیی پاشا داگیریکرد و سەربازگەیەکی گەورەی تێدا دروستکرد، کە چواردەوری بە خەندەق و دیوار دەورە درابوو، لەو سەردەمەدا گەورەترین شاری سوودان بوو، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (٢٠،٠٠٠) کەسە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و رەگەزی شاری کەسەلا لە هۆزە جیاوازەکانی سوودان تێکەڵبوو، وەک (جەعەلیی و دەناقلە و تەکارنە)، لە تەک ئەمانەدا کۆمەڵێک بازرگان و خەڵکی دەرەوەی سوودان لەم شارەدا

نیشــتەجێبوون، وەک: (میسرییــەکان و شــامییەکان و حیجازیــی و هیندیــی و فەرەنســیی (شــقیر: ٢٠١٧: ١٣٠-١٣١) و کــورد ( بەخیــت ئاغــا: ٢٠٢١/٩/٥: چاوپێکەوتــن).

لــە شــاری کەســەلا چەنــد بنەماڵەیەکــی کــورد ژیــاون، کــە رەچەڵەکیــان بــۆ باکــووری کوردســتان و شــاری ئامــەد ئەگەڕێتــەوە، لەگــەڵ ســوپای عوســمانیی چوونەتــە ســوودان و لــە شــاری کەســەلادا ئەرکــە ســەربازییەکانیان جێبەجێکــردوە، لەوانــەش هەریــەک لــە بنەماڵــەی حەســەن ئاغــا و موحەمــەد حەمــۆ بــوون، حەســەن پلــەی بلوکباشــی بــوو، کــە بــە مانــای بەرێوەبــەری نووســەرانی ســەربازیی ئەبێــت و لــە نــاو ســوپادا کاریکــردووە و هاوســەرگیریی لەگــەڵ کچێکــی میسرییــدا کــرد، لــە ســاڵی ١٨٨٥ز کوڕێکــی بەنــاوی عەبــدوڵا لێبــوو، بــەڵام لــە ســاڵی ١٨٨٧ز لــە کاتــی شــەڕی نێــوان ســوودان و ئەســیوبیا و گەمارۆدانــی شــاری کەســەلا لەلایــەن ســوپای ئەســیوبیا کــوژراوە، کــە ئــەو کات کوڕەکــەی تەمەنــی دوو ســاڵ بــوو، بۆیــە یەکێــک لــە خزمەکانــی بــە نــاوی موحەمــەد حەمــۆ بردییــە لای خۆیــی و ئەرکــی پــەروەردە کــردن و بەخێوکردنــی گرتەئەســتۆ، لــە ناوچــەی تۆکــەر خســتییە بــەر خوێنــدن، دوای تەواوکردنــی ئامادەیــی چــووە کۆلێــژی غــۆردۆن بــۆ ئەدەبیــات و قانــون لــە خەرتــووم، لــە دوای تەواوکردنــی کۆلێژەکــە گەڕایــەوە کەســەلا و بــووە رووپێــو، دواتریــش لــە فەرمانگــەی گەیاندنــی شــارەکە بــووە نووســەرو هاوســەرگیریی کــردووە و چــوار منداڵــی بەنــاوی (ســەلاحەدین، عومــەر، کوردیــی، زەینــەب) بــووە و یەکێکــە لــە شــاعیرە هــەرە دیارەکانــی ســوودان (بــکاب: بــدون ســنة الطبــع: ١٤٨-١٥١).

لــە شــاری کەســەلادا بنەماڵەیەکــی تــری کوردیــی هەیــە، کــە ریشــەکەیان بــۆ موســتەفا ئاغــا و ســەردەمی حوکمڕانــی موحەمــەد عەلــی پاشــادا دەگەڕێتــەوە ، یەکێــک لــە گــەوەرە ئەفســەرانی ســوپای موحەمــەد عەلــی پاشــاو حاکمــی کەســەلا بــووە و لــە ســەرای کەســەلا دانیشــتووە، نازانرێــت لــە چ شــارێکی کوردســتانەوە هاتــووە و چەنــد منداڵــی هەبــووە، بــەڵام یەکێــک لــە نەوەکانــی بەنــاوی بەخیــت چــوار کــوڕی بــە ناوەکانــی (موســتەفا، خوجەلــی، مەحەمــەس، ئەلیــاس) و ســێ کچــی بــە ناوەکانــی (زەینــەب، مەدینــە، بنــت المینــا) هەبــوون، هــەر یەکێکــش لــەم منداڵانــەی لــە دوای هاوســەرگیرییان لــە (٦) منــداڵ کەمتریــان نەبــووە، لــە زۆربــەی گەڕەکەکانــی شــاری کەســەلادا وەک (الحلنقــة، الســوریا، الســواقي الجنوبیــة، المرغنیــة، الغصــب) بڵاوبوونەتــەوە، بــەڵام زۆرینەیــان لــە گەڕەکــی (العامریــن) و ژمارەیــان لــە (٥٠) خێــزان زیاتــرە و نزیکــەی (٣٥٠) کــەس دەبــن (بەخیــت ئاغــا: ٢٠٢١/٩/٥: چاوپێکەوتــن).

لــە شــاری کەســەلادا بنەماڵەیەکــی تــری کــورد هەیــە کــە لەنەوەکانــی خەلیفــە موحەمــەد مەحمــود کوردییــن و باپیــرە گەورەیــان بــە مەبەســتی بڵاوکردنــەوەی ئاینــی ئیســلام و تەریقــەی (الختمیــة) لــە میســرەوە چۆتــە ســوودان، کچێکــی لــە هــۆزی (العشریــة) خواســتووە و چــوار کــوڕی بــە ناوەکانــی (ســەید خەلیفــە، عەبدولمەجیــد، عەلــی، عەبدولرەحــمان) و ســێ کچــی بــە ناوەکانــی (دەولــە، عائیشــە، خەدیجــە) هەبــووە، خەلیفــە موحەمــەد مەحمــود کوردیــی پیاوێکــی باڵابــەرز و ســوور و ســپی بــوو، لــە دەرەوەی مــاڵ تەربوشــی عوســمانیی لەســەردەنا، لــە گەڕەکــی کارە ماڵێکــی گــەورەی هەبــوو کــە نزیکــەی (١٥٠٠م) بــوو، لــەو رووبــەرەدا مــاڵ و شــوێنی حەوانــەوەی مــەڕ و ماڵاتەکــەی بــوو کــە نزیکــەی (٧٠) ســەر مانــگا و (١٠٠) ســەر مــەڕ و بزنــی هەبــووە، لــە نــاو ماڵەکــەی خۆیــدا بیــری لێــداوە و ئــاوی بــە زۆرینــەی دراوســێ و ماڵەکانــی نزیکــی خــۆی داوە، کــە پێــش ئــەوەی خەلیفــە موحەمــەد کوردیــی ئــەو بیــرە لێبــدات خەڵکەکــە بــە مەشــکە و تێــرِ ئاویــان لــە رووبــاری قــاش کــە ئەکەوێتــە رۆژئــاوای شــاری کەســەلا هێنــاوە، هــەر لــە نزیــک رووبارەکــە نزیکــەی (٥٠) فــەدان زەوی کشــتوکاڵیی هەبــوو، ســاڵانە بــە دانەوێڵــە و لۆکــە و شــوتی چاندوویەتــی، لەبــەر نزیکــی لــە شــێخی تەریقــەی الختمیــة لــە گۆڕســتانی خاتمــی لــە رۆژهەڵاتــی شــاری کەســەلا لــە تەنیشــت

گۆڕی شێخ (الحسن الختمی) نێژراوە، هەریەکە لە هۆزی (السواحلی و پەنتەڵۆن) لە نەوەی کچەکانی خەلیفە موحەمەد مەحمود کوردیین، ژمارەیان نزیکەی (٣٠) خێزان و (١٥٠) کەس دەبن و لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری کەسەلادا نیشتەجێبوون (السواحلی: ٢٠٢١/٩/٥: چاوپێکەوتن).

## باسی سێیەم: کورد لە ویلایەتی قەزارف

شاری قەزارف ئەکەوێتە باشوور و رۆژهەڵاتی سوودان، ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و ئەکەوێتە سەرهێڵی پانی (١٢-١٥)ی باکوور هێڵی درێژی (٢٣-٣٦)، لە رۆژهەڵاتیەوە شاری کەسەلا و سنووری ئەسیوبیا و لە باشووریشیەوە ویلایەتی سنار هەیە، ئاووهەوایەکی شێدار بەسەر ناوچەکەدا زاڵە و ساڵانە لە وەرزی هاویندا لە نێوان (٥٠٠-٩٠٠)ملم باران دەبارێت و پلەکانی گەرما بە درێژایی ساڵ لە نێوان (١٧□-٤٧□) ئەبێت، لە باشووری رۆژهەڵاتی شارەکەدا چیایەکی بەرزی مامناوەند هەیە، ویلایەتی قەزارف بە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵیی سوودان دادەنرێت و سوود لە ئاوی باران و چەند رووبارێکی ناوچەکە وەک رووباری عەتبەراوی و باسلا و رەهد وەردەگیرێت، ویلایەتەکە بە یازدە دارستانی سروشتی دەورە دراوە کە زۆرینەیان داری (تەلح)ی تێدا رواوە، ئەم درەختە کەتیرەی عەرەبی بە رێژەیەکی کەم لێ بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام لە درەختی هەشاب رێژەیەکی زۆری کەتیرەی عەرەبی لێ بەرهەمدەهێنرێت، جگە لەم دوو درەختە چەند جۆرێکی دیکە داری تێدا رواوە کە بۆ پیشەسازی تەختەکاریی سوودیان لێوەردەگیرێت، رووبەری هەموو ئەم دارستانانە نزیکەی (٨٠٠) فەدانە، چەند ناوچەیەکی بە ناوبانگی کشتوکاڵیی لە ویلایەتەکەدا هەن ئەوانیش ناوچەی (فشقە و بەتانە و دۆکە)ن (عشمان: ٢٠١٣: ٤-٧).

شاری قەزارف وەک شارێکی کشتوکاڵیی و بازرگانیی لە سەردەمی حوکمی مەهدی لە ساڵی ١٨٤٤ز گەشەی کرد، ئەو کات لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کەسەلا بوو، لە رووی جوگرافییەوە بەشی باشووری شاری کەسەلای لەخۆدەگرت، لە ساڵی ١٩٥١ز وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی کەسەلا دیاریکرا و دابەشکرابوو بۆ ناوچەی باکوورو باشووری قەزارف و ناوچەی نەحل و ئەنجومەنی شارەوانی قەزارف، لە ساڵی ١٩٨٩ز شاری قەزارف کرا بە پارێزگایەکی سەربەخۆ، لە ساڵی ١٩٩٤ز کرا بە ویلایەتێکی سەربەخۆ لە چوار پارێزگا پێکدەهات ئەوانیش پارێزگای (قەزارف و رەهد و قەلابات و فشقە) بوون (عشمان: ٢٠١٣: ٨-١٠).

دانیشتوانی شاری قەزارف لە چەند هۆزێکی جیاوازی سوودانیی و نەتەوەیەکی تێکەڵی بیانی پێک دێن ئەوانیش وەک هیند و ئەرمەن و یۆنانی و کورد (مصطفی: ٢٠١٥ ) ئەم فرە نەتەوەییەی ئەم شارە بۆ سەردەمی حوکمی عوسمانییەکان ئەگەڕێتەوەو لەو ماوەیەدا دەرگا بە روویاندا کرایەوە و بەبێ ترس و دوو دڵی لە ناوچەکەدا نیشتەجێبوون، چونکە لە سوپای عوسمانییدا بەشدار یان بازرگان و پیشەوەر بوون و لەژێر چاودێری پاراستنی عوسمانییەکاندا بوون (عشمان: ٢٠١٣: ١٢) .

چەند بنەماڵەیەکی گەورەی کورد لە شاری قەزارف ئەژین، سەبارەت بەمێژووی نیشتەجێبوونیان هەریەکەیان و چیرۆک و بەسەرهاتێکی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی زۆرینەیان کۆئەکاتەوە ئەوەیە کە زۆربەیان لەسەردەمی موحەمەد عەلی پاشاو وەک بەشێک لە پێکهاتەی سوپاکەی هاتوونەتە سوودان و شارەکە، بنەماڵەی موحەمەد عەلی کوردیی یەکێکە لە بنەماڵە دیارەکانی شارەکە، باپیرە گەورەیان ناوی عەلۆ بووە و خەڵکی شاری دیاربەکر بووە و لە رێگەی ئەسوان و باکووری سوودانەوە هاتۆتە ناوچەی (المتمە) کە ئەکەوێتە باکووری شاری شەندی

و لـە گونـدی (حجـازی) لەگـەڵ (التـوم بنـت حجـازی) هاوسـەرگیریی کـردووە ، باوکـی کچەکـە گـەورە و پیاوماقوڵـی گوندەکـە و لەهـۆزی جەعەلیـی[1] بـوو، عەلـۆ لـەو خێزانـەی کوڕێکـی ئەبێـت نـاوی نـاوە (موحەمـەد عەلـی) لـە دوای ئـەوەی کێشـە لـە نێـوان (عبداللـە التعایشـی) سـەرکردەی شۆڕشـی مەهـدی و جەعەلییەکانـدا دروسـتبوو و ژمارەیەکـی زۆری خەڵـک کـوژرا، موحەمـەد عەلـی کوردیـی لـەو کاتـە گەنجێکـی هـەرزەکار بـوو، بەهـۆی نەمانـی ئاسـایش و دروسـتبوونی کێشـەی بـەردەوام لـە ناوچەکـە، بـۆ ناوچـەی روفاعـە کۆچیکـرد لـەوێ ماوەیـەک لـەلای خزمەکانـی کـە بـە بنەماڵـەی یوسـف ئەبـو تورکـی ناسرابـوون مایـەوە، بـەلام دوای چەنـد مانگێـک لەگـەڵ خزمەکانـی کێشـەی بـۆ دروسـتبوو، لەبەرئـەوە بەتەنیـا بـۆ ناوچەکانـی قـەزارف کۆچیکـرد، موحەمـەد عەلـی لـە تەمەنـی ٢٠ سـاڵیدا خـزم و کـەس و کاری جێهێشـت، وەک گەنجێکـی یاخـی و تـوڕە لـە کـەس و کاری دەردەکەوێـت و لـە شـاری قـەزارف وردە وردە جێـی خـۆی کـردەوە و کاری کڕیـن و فرۆشـتنی پێداویسـتییەکانی رۆژانـەی خەڵکـی ناوچەکـەی دەسـتپێکرد، لـە قـەزارف لەگـەڵ کچێکـدا بەنـاوی (سـەکینە) کـە لـە بنەماڵەیەکـی سـەواکنی بەرەچەڵـەک مەغریبـی تێکەڵـە لەگـەڵ هـۆزی بیجـە بـوو، هاوسـەرگیریی کـرد و دوو منداڵـی بـە نـاوی حسـن و زەمـزە بـوو، حەسـەن موحەمـەد عەلـی عەلـۆ کوردیـی لەگـەڵ بنەماڵەیەکـی تـری کوردیـی شـارەکە (مـەکاوی حەسـەن) تێکـەڵ بـوو و لەگـەڵ کچێکیـان بەنـاوی زەینـەب و زەم زەمیـش هاوسـەرگیریی لەگـەڵ عبـاس قاسـم ئاغـا ئۆرفەلـی ئـەکات، ئـەم بنەماڵەیـەش کـوردن و لـە شـاری ئۆرفـەی باکـووری کوردسـتانەوە هاتووبوونـە سـوودان و لـە شـاری قـەزارف نیشـتەجێبوون (حەسـەن کوردیـی: ٢٠٢١/٩/١: چاوپێکەوتنـی بـە کۆمـەڵ).

حەسـەن موحەمـەد عەلـی عەلـۆ کوردیـی چـوار کـوڕ و سـێ کچـی هەبـوون، کوڕەکانـی بـە ناوەکانـی عەلـی (١٩١٧ز) و ئیبراهیـم (١٩٢٣ز) و مـەکاوی (١٩٢٦ز) جەعفـەر (١٩٢٨ز) بـوون، کچەکانیـش بـە ناوەکانـی فاتمـە (١٩٢٠ز) نەفیسـە (١٩٣١ز) و عەلەوییـە (١٩٣٤ز) بـوون، ئـەم بنەماڵـە کـوردە لـەم منداڵانـەی حەسـەن موحەمـەد عەلـی عەلۆ کوردییەوە گـەورە بـوو و منداڵەکانیشـیان لەگـەڵ خەڵکـی شـارەکەدا هاوسـەرگیرییان کـردووە و ئەوانیـش منداڵـی زیاتریـان خسـتۆتەوە بـەم شـێوەیەی لای خـوارەوە:

یەکـەم: عەلـی حەسـەن موحەمـەد عەلـی کوردیـی (٩) منداڵـی هەبـوو بـە ناوەکانـی فەیسـەڵ (١٩٤٥ز)، عواتـف (١٩٤٦ز)، بەدرەدیـن (١٩٤٧ز)، ماجیـد (١٩٤٩ز)، عەبـدوڵا (١٩٥٧ز) مونـا (١٩٥٩ز)، موحەمـەد عەلـی (١٩٦٣ز)، ئەحـلام (١٩٦٥ز)، حەنـان (١٩٦٥ز).

دووەم: ئیبراهیـم حەسـەن موحەمـەد عەلـی کوردیـی لەگـەڵ خێزانێکـی مەغریبیـدا هاوسـەرگیریی کـرد و (١١) منداڵـی بـە ناوەکانـی فایـزە (١٩٤٥ز)، فەتحیـە (١٩٤٧ز)، عەفـاف (١٩٤٩ز)، عومـەر (١٩٥٠ز)، سـەلاحەدین (١٩٥٢ز)، ئوسـامە (١٩٥٤ز)، خالـد (١٩٥٧ز)، سـامیە (١٩٥٩)، تـارق (١٩٦٠ز)، سەسـەن (١٩٦٣ز)، موعاوییـە (١٩٦٥ز) هەبـوو.

سـێیەم: مـەکاوی حەسـەن موحەمـەد عەلـی کوردیـی تەنهـا دوو کچـی دەبـن ئەوانیـش زینـەب و فاتمـە بـوون، فاتمـە شـووی بـە کەسـایەتییەکی کـورد لـە دەرەوەی ئـەم خێزانـە بـە نـاوی حاجـی عەلـی کوردیـی کـرد، مـەکاوی جگـە لـەم دوو کچـە هیـچ کوڕێکـی نەبـووە.

چـوارەم: جەعفـەر حەسـەن موحەمـەد عەلـی کوردیـی، لەگـەڵ خێزانێکـی شـارەکەدا هاوسـەرگیریی کـردووە و حـەوت منداڵـی بـە ناوەکانـی جیهـان (١٩٦٣ز)، جەمـال (١٩٦٦ز)، جوەیـدان (١٩٧٠ز)، دالیـا (١٩٧٤ز)، ئیبراهیـم (١٩٧٨ز)، سـەماح (١٩٨٥ز)، موحەمـەد (١٩٨٦ز) هەبـوو، ئەمـە جگـە لـەوەی هـەر یەکـە لـە (نەفیسـە، سـەلوە، عەلەوییـە،

---

١- هـۆزی جەعەلیـی: ئـەم هـۆزە رەچەڵەکیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ عەرەبەکانـی نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی و بـە زۆری لـە ناوچەکانـی باکـوور و ناوەڕاسـتی سـوداندا بڵاوبوونەتـەوە و بەهـۆزی رەسـەن و خـاوەن دەسـەڵاتی سـوادان نـاسراوان و زۆرینـەی سـەرۆک و دەسـەڵاتدارەکانی ئـەم وڵاتـە لـەم هـۆزە بـوون دیارترینیـان عومـەر بەشـیری (١٩٨٩-٢٠١٩)سـەرۆک کۆمـاری سـودان بـوو.

عاتـف) لـە کچەکانـی حەسـەن موحەمـەد عەلـی کوردیـی هاوسـەرگیرییان کـردووە و منداڵیـان هەبـووە (حەسـەن کوردیـی: ٢٠٢١/٩/١: چاوپێکەوتنـی بـە کۆمـەڵ)، ژمـارەی ئەندامانـی بنەماڵـەی محەمـەد عەلـی عەلـۆ کوردیـی لـە شـاری قـەزارف (٣٠٠) خێـزان و نزیکـەی (١٥٠٠) کەسـن، جگـە لـەوەی خـزم و کـەس و کاریـان لـە ناوچـە جیاوازەکانـی ویلایەتەکانـی کوردۆڤـان بڵاوبوونەتـەوە (حەسـەن کوردیـی: ٢٠٢١/٩/١: چاوپێکەوتنـی بـە کۆمـەڵ).

لـە شـاری قـەزارف بنەماڵـەی حاجـی عەلـی کوردیـی هەیـە، باپیـرە گەورەیـان نـاوی (حاجـی حەسـەن عەلـی کوردیـی) بـوو، لـە سـاڵی (١٨٢٠)ز لـەو شـارەدا نیشـتەجێبوون، دواتـر کۆچیـان بـۆ شـاری (بەربـەر)ی باکـووری سـوودان کـردووە، (حاجـی عەلـی کوردیی)یـش لـەو شـارە لـە دایکبـووە و لـە سـاڵی ( ١٨٩٠ز) لـە بەربـەرەوە بـۆ خەرتـووم کۆچیکـردووە، لـەوێ لەگـەڵ خێزانـی (بەیرەقـدار)دا هاوسـەرگیریی کـردووە و کچێکـی لێبـووە، بـەڵام دوای (١٠) سـاڵ لـە هاوسـەرگیرییەکەیان لـە یەکتری جیابوونـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە کێشـە و ناخۆشـی لەگـەڵ ماڵـی خـەزوری دوور بێـت و بـە ئامـۆژگاری خاڵەکانـی بـۆ ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی سـوودان و شـاری قـەزارف کۆچیکـردووە، لـە سـاڵی (١٩٠٠ز) لـە قەزارفـدا نیشـتەجێبووە و لەگـەڵ خۆیـدا دایـک و دوو خوشـک و کچەکـەی هێنـاوە و لـە نێـوان سـوودان و ئەسـیوبیا سـەرقاڵی کاری بازگانـی دانەوێڵـە و هەنگویـن و دراوی گوشـەلی بـوو، ئـەم دراوە لـە زیـو دروسـتکرابوو لـە نێـوان سـوودان و ئەسـیوبیا بـەکار هاتـووە، (حاجـی عەلـی کوردیـی) وەک بازرگانێکـی دیـاری شـارەکە دەرکـەوت، پێدەچێـت پەیوەنـدی خزمایەتـی دایکـی (حاجـی عەلـی کوردیـی) کـە پـوری دەفتـەرداری عوسـمانیی لـە سـوودانی بـوو، هـۆکار بووبێـت بـۆ ئـەوەی بازرگانییەکـەی گەشـە بـکات و وەک پشـت و پەنـا ڕۆڵـی هەبووبێـت، لـە دوای ئـەوەی (حاجـی عەلـی کوردیـی) لـە شـاری قەزارفـدا سـەقامگیربوو، لەگـەڵ فاتمەخانـی کچـی مـەکاوی حەسـەن موحەمـەد عەلـی عەلـۆ کوردیـی هاوسـەرگیریی کـردو( ٦ )کـوڕ و (٦ )کچـی لێـی بـووە (عەلـی کوردیـی: ٢٠٢١/٩/٢: چاوپێکەوتـن).

حاجـی عەلـی کوردیـی کەسـایەتییەکی وریـا و چاوکـراوە و ئـازا بـووە و هـەر ئەمـەش وایکـردووە کـە بازرگانییەکـەی ڕۆژ بـە ڕۆژ فراوانـتر بێـت و وەک گـەورە بازرگانێکـی ناوچەکـە دەرکەوێـت و بەرهەمەکانـی دانەوێڵـە وەک گەنـم و هـەرزن و گەنمەشـامی کەرکەدێـی دەبـردە ئەسـیوبیا و لەوێشـەوە بەهـارات و بخـوری لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنایـەوە و لە ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی سـوودان و شـاری قەزارفـدا دەیفرۆشـت، ئـەم بازرگانییـە لـە کۆتاییەکانـی تەمەنیـدا گەشـەی زیاتریکـرد و ئاڵوگـۆڕە بازرگانییەکانـی گەیانـدە خەرتوومـی پایتەختـی سـوودان، حاجـی عەلـی کوردیـی تەنهـا لـە نـاو بـازاڕی قەزارفـدا (٢٧) دووکانـی تایبەتیـی خـۆی هەبـوو بـە ڕووبـەری جیـاوازی نێـوان ١٢م بـۆ ٢٠، بـە بۆچوونـی خەڵکـی کۆنـی شـارەکە بـازاڕی قـەزارف بـە ڕادەیەکـی زۆر لـە ژێـر کۆنترۆڵـی حاجـی عەلـی کوردییـدا بـووە، ئـەم دووکانانـە هەتـا ئێسـتاش مـاون و حاجـی عەلـی کوردیـی پێـش ئـەوەی بمرێـت هەمـوو دوکانـەکان ئەکاتـە وەقفـی منـداڵ و نەوەکانـی، ئـەم بنەماڵەیـە نزیکـەی (٢٠٠٠) کـەس و (٤٠٠) خێـزان دەبـن. (عەلـی کوردیـی: ٢٠٢١/٩/٢: چاوپێکەوتـن).

بنەماڵەیەکـی تـری کـورد لـە شـاری قەزارفـدا هەیـە بـە نـاوی بنەماڵـەی قاسـم ئاغـا ئۆرفەلـی، سـەبارەت بـە مێـژووی کۆچکردنـی قاسـم ئاغـا بـۆ سـوودان نەوەکانـی خـۆی دڵنیانیـن هەندێکیـان ئەڵێـن ١٨٢١ز هاتوونەتـە سـوودان، هەندێکـی دیکـە ئەڵێـن لـە دوای سـاڵی ١٨٩٩ز هاتـوون، قاسـم ئاغـا خەڵکـی شـاری ئورفـەی باکووری کوردسـتان و لـە بنەماڵەیەکـی خانەدانـی ناوچەکـە بـووە و بـە هەتیـوی گـەورە بـوو، بـرای دوو خوشـک بـووە، دایکـی کـە نـاوی (گوڵـێ) بـووە و بـرای نەبـووە و لـە شـاری ئورفـە بازرگانیـی مـەڕ وماڵاتـی کـردووە، حـەزی بەشـدارییکردن لـە سـوپا و جیهـادی لـەلا دروسـتبووە و بـە دایکـی ئەڵێـت دەچمـە نـاو سـوپا، بـەڵام دایکـی زۆر داوای لێئـەکات و دەپاڕێتـەوە

کە بەجێیان نەهێڵێت پێی ئەڵێت باوکت نەماوە و من و خوشکەکانت پێویستیمان بە تۆیە و منیش باوکم نەماوە و براشم نییە، بەڵام قاسم ئاغا بە قسەی ناکات وەک خۆبەخشێک ئەچێتە ناو سوپای عوسمانیی و ئەوانیش دەینێرن بۆ میسر لەوێشەوە ئەچێتە سوودان و لە ناوچەی دونقولا لەگەڵ کچێکی بە رەچەڵەک مەغریبی هاوسەرگیریی کردووە، بەڵام دوای ٧ ساڵ لە هاوسەرگیرییەکەیان منداڵی نەبووە و هاوسەرەکەی کۆچی دواییکردووە، لە دوای کۆچی هاوسەرەکەی خوشکێکی خێزانی دەخوازێت و لەو خێزانەشی منداڵی نەبووە (ئاغا ئۆرفەلی: ٢٠٢١/٩/٣: چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ).

بە قسەی براگەورە و ڕیش سپی ئەم بنەماڵەیە عەبدوڵا سلێمان قاسم ئاغا ئۆرفەلی بێت، باپیرە گەورەیان لە دەوروبەری شاری سلێمانی و لە گوندی (جریتلی)ەوە هاتوون، ئەم زانیارییەی کاتێک لە عێراق ئەبێت لە هاوڕێیەکی کوردیی باشووری کوردستان وەرگرتووە، بەڵام بە بۆچوونی توێژەر پێناچێت ئەم بۆچوونە ڕاست بێت، لەبەر دوو هۆکار؛ یەکەمیان دوای گەڕانێکی زۆر لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی هیچ گوندێکمان نەدۆزییەوە بە ناوی گوندی (جریتلی)، ئینجا ئەم زانیارییە لەناو بنەماڵەی قاسم ئاغادا نامۆ و نەبیستراو بوو، زیاتر لە زانیارییەکی سەرپێی و گرنگیپێدانی هاوڕێیەتی و کەسی نەناسراو دەچێت.

لە سەرەتای هاتنی سوپای موحەمەد عەلی پاشا بە سەرکردایەتی ئیسماعیلی کوڕی لە ناوچەی شندی لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری خەرتووم لە لایەن مەکنمێری سەردەی هۆزی جەعەلییەکان بانگهێشتی خوانێکی نانخواردن کران، بەڵام ئەم خوانە بۆ کوشتنی ئیسماعیل پاشا و سەربازەکانی بوو، کە نزیکەی (٥٠٠) سەرباز بوون، دوای ئەوەی ئیسماعیل پاشا و سەربازەکانی سەرگەرمی خواردن و خواردنەوە و سەماکردن بوون، سەربازانی مەکنمێری جەعەلیی چواردەوریان بە چیلکە و دار و پوش گرت و ئاگریان تێبەردان، ئیسماعیل پاشا و زۆرینەی سوپاکە کوژران و سوتان، بەڵام قاسم ئاغا ئۆرفەلی و کەمال تورکی و بیهە تورکی لە دەرەوەی کەمینی جەعەلییەکان بوون، دوای ئەوەی هەواڵی ئەم کوشتارگەیە ئەزانن ڕائەکەن، بەڵام لەلایەن ڕاوچییەکانی دەوروبەری رووباری نیل گیران و رادەستی مەلیک عەدلان گەورەی سەڵتەنەتی( الزرقاء )لە ناوچەی سنار کران، ئەویش فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردن و بۆ کۆبوونەوەی خەڵکی سەڵتەنەکەی لە مەیدانێکی دیاریکراو بۆ ئامادەبونیان لە مەراسیمی لە سێدارەدانیان ڕۆژێکی دیارکرد، شمشێر و کەرەستەی سەربڕینیان ئامادەکردووەو لە رۆژی مەراسیمەکەدا یەکەم کەس قاسم ئاغا ئۆرفەلیان بۆ سەربڕین هێناوە، بەڵام ئامینەی کچی مەلیکی سەڵتەنەکە فەرمانیکرد جارێ ئەوانی تر بهێنن، بۆیە بیهە تورکیان هێنا و سەریان بڕی، دوای ئەوە قاسم ئاغایان هێنایەوە، بەڵام جارێکی دیکە ئامینەی کچی مەلیک فەرمانیکرد ئەوەی تریان بهێنن، بۆیە ئەمجارەیان کەمال تورکیان هێنا و سەریان بڕی، لەو کاتەدا هەواڵ دێت کە فەرمانی بەخشین بۆ گیراوەکان دەرچووە، بەڵام فەرمانەکە کاتێک گەیشت کە دوانیان سەریان بڕاوە و تەنها قاسم ئاغا مابوو، قۆزی قاسم ئاغا سەرەنجی ئامینەی کچی مەلیکی سەڵتەنەتی زەرقاء رادەکێشێت و حەزی لێبووە هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات، بەڵام دڵنیا بوو کە ئەم هاوسەرگیرییە بە سەلامەتی تێناپەڕیت، لەلایەن باوکی و خەڵکی ناوچەکە قبوڵکراو نابێت، لەبەرئەوە بە قاسم ئاغا ئەڵێت بڕۆ لێرە مەمێنە و بچۆ بۆ ناوچەکانی دەوروبەری قەزارف، چونکە ئەو ناوچەیە خەڵکی بیانی زۆر لێیە و لەوێ ئەتوانییت بە ئاسوودەیی بژیت، ئەویش ڕووئەکاتە شاری قەزارف و جارێکی دیکە هاوسەرگیریی ئەکاتەوە و کچی بنەماڵەکی تورکی بە ناوی زەینەب سالم تورکی هێنا ، لەو خێزانەی سێ کوڕ بە ناوەکانی (عەباس و سلێمان و عەبدولقادر)و کچێکی بە ناوی (فاتمە) بوو، لە سەردەمی حوکمی دوانەیی بەریتانیی-

میسریی هەرسێ براکە لەناو سوپای بەریتانیی بوون و عەباس سلێمان قاسم ئاغاش ئەفسەر بوو (ئاغا ئۆرفەلی: ٢٠٢١/٩/٣: چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ).

بنەماڵەی قاسم ئاغا ئۆرفەلی نزیکەی ٢٥٠ ماڵ و ٩٠٠ بۆ ١٠٠٠ کەس دەبن و بەسەر گەڕەکە جیاوازەکانی شاری قەزارفدا بڵاوبوونەتەوە، زۆرینەیان بەکاری دوکانداریی و بازرگانییەوە سەرقاڵن و لە ناوبازاڕی شارەکەدا نزیکەی ١٠ دوکان و شوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە بەشێکی زۆری بازرگانیی جگەرە لە شارەکەدا لە بە دەستی ئەواندایە، بەڵام هەندێک لە خێزانەکانیان بە هۆکاری کاری بەرپرسیاریەتی سیاسی و کارگێڕییەوە بۆ شاری خەرتووم کۆچیانکردوە (ئاغا ئۆرفەلی: ٢٠٢١/٩/٣: چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ).

لە شاری قەزارفدا بنەماڵەیەکی تری کورد بە ناوی بنەماڵەی (حومێر) ئەژین، کە ژمارەیان کەمە و لە ١٠ خێزان تێپەڕ ناکەن، ناوی بنەماڵەکە لە ڕەنگی سووری پێستیانەوە هاتووە، سوودانییەکان بەو کەسانەی ڕەنگیان سپی و کراوە بێت پێیان ئەڵێن حومێر، کە وشەکە لە تێکشکاندنی وشەی (احمر)ی عەرەبییەوە هاتووە. بە پێی قسەی دکتۆر عەبدوڵا عەلی حەسەن کوردیی کە هەڵگری دکتۆرایە لە مێژووی هاوچەرخی سوودان و خەڵکی شاری قەزارفە و هەتا ساڵی ٢٠٢٠ز لە زانکۆی ئوم دەرمان مامۆستا بوو، بنەماڵەی حومێری ئەگەڕێنەوە سەر باپیرە گەورەی ئەوان کە عەلۆ کوردیی بووە لە ناوچەکانی شندی و دەوروبەری بەجێماون، بەڵام ئەم بنەماڵەیە لە شاری قەزارف مێژووەکەیان کۆن نییە و لەوانەیە لە ٣٠ ساڵ زیاتر نەبێت، چیرۆکی دۆزینەوەشیان لەسەر بنەمای زانیاریی پێشوەختە نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی گەڕانمان بوو بەناو بازاڕی قەزارف بۆ سۆراغی کوردانی شارەکە، لەو کاتەدا (دەرمانخانەی کۆبانی)مان بەرچاوکەوت لە ڕاستییدا ئێمە گومانی ئەوەمان لەلا بوو کە ئەمانە ریشەیان ئەگەڕێتەوە بۆ کوردانی شاری کۆبانێ. بەڵام (ئەحمەد تەها حومێری) لە گێڕانەوەکەیدا ووتی: باپیرە گەورەی حومێرییەکان ناوی موحەمەد حومێری بوو لە باشووری میسر و لە ناوچەی ئەسوانەوە بۆ باکووری سوودان کۆچیکردووەو لە ناوچەی دونقولا نیشتەجێبووە، بە جیاوز لەگەڵ بنەماڵە کوردەکانی تری شارەکە لەگەڵ سوپادا نەهاتووە، بەڵکو بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و تەریقەی سۆفیگەری روفاعی کۆچیکردووە. موحەمەد حومێری تەواوی قورئانی پیرۆزی لەبەربووە خەلاویەیەکی٢ تایبەت بەخۆی هەبووە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری قوتابیی سەرقاڵی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بوون، موحەمەد حومێری لە کوردانی ناوچەی ئەسوان بووە، بەڵام نازانرێت رەچەڵەکی بۆ چ ناوچەیەکی کوردستان ئەگەڕێتەوە، لەگەڵ بنەماڵەی کۆبانی هاوسەرگیریی کردووە و کچێکی لێ خواستوون، بۆیە ناوی کۆبانێی خەزوورانی تێکەڵی ناوی حومێری بووە (تەها حومێری: ٢٠٢١/٩/٢: چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ).

سەبارەت بە پەیوەندیی ناوی کۆبانێ و شاری کۆبانێ لە رۆژئاوای کوردستان، پرسیارێکی بێ وەڵام بوو لە بیری توێژەردا، چونکە ناوی کۆبانێ لە خەرتووم و بەحریش چەند دەرمانخانەیەک هەبوون بە هەمان ناوەوە، بەڵام کە لە کارمەندەکانمان دەپرسی هیچ زانیارییەکیان نەبوو. لەسەر راسپاردەی ئەمین ئەحمەد تەها حومێری چووینە لای پرۆفیسۆر بەرەکات کۆبانێ، بە پێی ئەو زانیارییانەی پرۆفیسۆر بەرەکات کۆبانی کۆیکردبونەوە ناوی کۆبانێ لە ناوی شاری کۆبان لە ناوچەی دونقولاوە هاتووە، ژیانی خەڵکی ئەم شارە لەسەر دەرهێنانی زێڕ بووە، کۆبانییەکانی سوودان هیچ پەیوەندییەکی نەتەوەیی و رەگەزییان لەگەڵ کوردانی شاری کۆبانی لە رۆژئاوای کوردستان نییە (موسا کۆبانێ: ٢٠٢١/٩/١٤: چاوپێکەوتن).

---

٢- خەلاویە: ناوەندی کۆبونەوەی تەریقە سۆفیگەریەکانن کە تێیدا زیکر وخواپەرستی و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و لە شەوانی دوو شەممە و هەینیدا دەروێش و ئەهلی زیکر تێیدا کۆ دەبنەوە و بازنەکانی زیکر و موناجات دەبەستن ئەم ناوەند ئایینیانە لە کوردستاندا بە تەکیە یان خانەقا ناسراون.

## باسی چوارەم: کورد لە ویلایەتی جەزیرە

### شاری وەد مەدەنی

شـاری وەد مەدەنـی بـە دووری (١٢٤) میـل ئەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی شـاری خەرتوومـی پایتەختـی سـوودان و لەسـەر تەپۆلکەیەکـی بـەرزی لـە خـۆڵ دروسـتبوو بونیادنـراوە، لـە سـەردەمی داگیرکاریـی موحەمـەد عەلـی پاشـادا ئـەم شـارە وەک ناوەندێکـی کۆکردنـەوەی سـەربازەکانی تایبـەت بـە ناوچەکانـی سـنار و دەوروبـەری بەکارهاتـووە، لەشـکرەکەش لەلایـەن ئیسـماعیل پاشـای کوڕیـەوە سـەرکردایەتی کـراوە، لـە ڕووی کارگێڕییـەوە ناوەنـدی بەڕێوەبردنـی بەڕێوەبەرایەتـی سـنار بـوو، لـەو سـەردەمەدا ژمـارەی دانیشـتوانی نزیکـەی (٢٠) هـەزار کـەس بـوو، کـە لەهۆزەکانـی مەدەنـی و کەواهلـە و جەعەلیـی و شـایقی و دەناقلـە و میسریـی پێکهاتبـوون، لـە ڕۆژانـی دووشـەممە و پێنـج شـەممەدا بـازاڕی شـارەکە گەرموگـوڕ بـوو، خەڵـک لـە ناوچەکانـی دەوروبەریـەوە هەمـوو جۆرەکانـی دانەوێڵـە و کەتیـرەی عەرەبـی و لۆکـە و شـەکر و توتنیـان بـۆ دەهێنـا، خەڵکـی شـاری وەد مەدەنـی لـە دروسـتکردنی سـابوون و پیشـەی پێسـتەکارییدا بەناوبانـگ بـوون، بـەڵام لـە دوای سـەربەخۆیی سـوودان لـە ڕووی کارگێڕییـەوە کرایـە ناوەنـدی کارگێـڕی ویلایەتـی جەزیـرە (شـقیر: ٢٠١٧: ١٢٣) .

شـاری وەر مەدەنی لە دوای هاتنی ئینگلیز لە سـاڵی ١٨٩٨ز وەک شـار دروسـتبوو و شـێوەی بنیادنان و دیزاینکردنیشـی لـە شـاری داگیـرکاری و ئـۆردوگا دەچێـت و شـێوەی گـەڕەک و کۆڵانەکانـی لـە شـێوەی ئـاڵای ئینگلیـزی دیزاینکـراوە، لـە ڕووی شـێوەی دروستبوونیشـەوە زۆر لـە شـاری خەرتـووم دەچێـت و ئەکەوێتـە لای باشـووری ڕووبـاری نیلـی شـین، ئاڕاسـتەی ڕۆیشـتنی نیـل بـە هەمـان شـێوەی خەرتوومـە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـۆ ڕۆژئـاوا ئـەڕوات، هەروەهـا وەک خەرتـووم شـەقامی نیلـی هەیـە کـە نزیکـەی (٣)کـم ئەبێـت و لـە تەنیشـت ڕووبـاری نیـل دیمەنێکـی جـوان و دڵگیـری هەیـە، لـە سـەردەمی حوکمڕانـی ئینگیـز لـەم شـارە دادگا و فەرمانگـەی گەیانـدن و باخـی گشـتیی و یاریـگای تێنـس و مەیدانـی مەلیـک کـە گۆڕەپانێکـی گـەورەی فەرمـی تایبـەت بـوو بـە شـوێنی بەجێهێنانـی بۆنـە و ڤێسـتیڤاڵە گشـتییەکانی شـارەکە هەبـوو، دوو بـازاڕی دیـار هەیـە ئەوانیـش بـازاڕی فەڕەنسـی و بـازاڕی عەرەبـی، لـە بـازاڕی فەرەنسـی یۆنانـی و هنـدی و شـامی و جـوو و هەندێـک لـە قیبتیەکانـی ناوچەکـە کاری ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـان کـردووە ، بـەڵام بـازاڕی عەرەبـی خەڵکـی سـوودان بـە گشـتیی و شـارەکە بەسـەر جوڵـەی بازرگانییەکەیـدا باڵادەسـتبوون، لـە پـاڵ گۆڕسـتانی موسـوڵمانان و گۆڕسـتانی جـوو و مەسـیحیەکان هەیـە ( محمـود : ١٩٩٣: ١٧-١٨).

لـە سـەردەمی حوکمـی میسریـی- بەریتانیـی لـە شـاری (وەد مەدنـی)دا سـینەمایەکی هاوچـەرخ دروسـتکرا و لـە سـاڵانی چلـەکان و پەنجاکانـی سـەدەی بیسـتەم بـۆ هۆشـیارکردنەوە و کرانـەوە بـە ڕووی پێشـکەوتنەکانی دونیـادا کاریگەرییەکـی بەرچـاوی بەسـەر کۆمەڵگـەدا هەبـوو، لـە سـەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم سـینەمایەکی نـوێ بـە نـاوی سـینەمای جەزیـرە لـە شـارەکەدا دروسـتبوو، لـە ڕووی هونـەری تـازەی بنیادنـان و شاشـەی نـوێ کێبرکێـی سـینەما کۆنەکـەی ئەکـرد، هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارانـە ئـەم سینەمایە شـوێنی بـە سینەما کۆنەکـە لەقکـردو و خسـتیە پەراوێـزەوە (محمـود : ١٩٩٣: ٣٦-٣٧).

یەکێـک لـە خێزانـە کـوردە دیارەکانـی شـاری وەد مەدەنـی خێزانـی هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژ ئیبراهیـم کاشـف بـوو، خێزانـی ئیبراهیـم کاشـف لـە کوردانـی باشـووری کوردسـتان بـوو، لەگـەڵ سـوپای موحەمـەد عەلـی پاشـا هاتبـووە ئـەم شـارە (الجحـاری: ٢٠٢١/٩/٥: چاوپێکەوتـن)، ئیبراهیـم کاشـف بـە کـوڕی ئەحمـەدی باوکـی چیـا (احمـد ابـو جبـل) بـوو، ئەحمـەدی باوکـی چیـا لەگـەڵ خێزانێکـی نـاوداری نوبیـی بەنـاوی عەلـی کاشـف هاوسـەرگیریی کردبـوو، بـەڵام

ئەحمەدی باوکی چیا دوایی لەدایکبوونی هونەرمەند ئیبراهیم کاشف کۆچی دوایی کردووە، باوکی خێزانەکەی بە ناوی عەلی کاشف ئەرکی بەخێوکردن و پەروەرئەکردنی ئیبراهیمی کوڕی گرتەئەستۆ و لەگەڵ ئەوان ژیاوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ناسناوی باپیری (کاشف) وەرگرت (محمود: ١٩٩٣: ٨٢).

ئیبراهیم کاشف زۆربەی کاتەکانی کارکردنی لەناو بازاڕی (وەد مەدەنی)دا شەروالێکی درێژی لەبەرکردووە، بەڵام ئەو کاتانەی بەشداری لە بۆنەیەکی فەرمییدا کردووە بە قات و چاکەت دەرکەوتووە، ئیبراهیم کاشف لە ناوبازاڕی وەد مەدەنیدا وەرشەیەکی تایبەتیی بە چاککردنەوەی کاتژمێر هەبوو، لەکاتی بێکاری و بێ بازاڕیشدا لە کتێبخانەی موحەمەد عەلی حەسون لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەند و هونەر دۆستەکان کۆدەبوویەوە، کەشی کتیب و گۆڤار و چاککردنەوەی کاتژمێری تیکەڵی یەکتری کردبوو(محمود : ١٩٩٣: ٩).

لە شاری وەد مەدەنیدا بنەماڵەیەکی تری کورد هەیە کە ریشەیان بۆ بازرگان عەبدولقادر کوردیی ئەگەڕێتەوە، سەبارەت بە مێژووی کۆچ و شێواز و ئامانجی کۆچییان بۆ وڵاتی سوودان، دوو بۆچوونی جیاواز هەیە؛ یەکەمیان بە پێی زانیارییەکانی دکتۆر موحەمەد عوسمان عەبدولقادر عەلی کوردیی کە نەوەی عەبدولقادر کوردیی و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و نوسەری زیاتر لە (١٠٠) بابەتی جۆراوجۆر و وەرگێرانی زمانی ئینگلیزییە بۆ زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە، لە گۆڤار و رۆژنامە جیاوازەکانی سووداندا بڵاویکردوونەتەوە، پێیوایە باپیرەی لە رێگای دەریای سوور و بۆ مەبەستی بازرگانییکردن لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەی زایینییەوە چۆتە سوودان و دوای ماوەیەک مانەوە لە شارەکانی رۆژهەڵاتی سوودان وەک (سەواکن و کەسەلا و قەزارف) لە شاری وەد مەدەنی نیشتەجێبووە و لەگەڵ خێزانێکی مەغریبیدا هاوسەرگیریی کردووە (عەبدولقادر کوردیی: ٢٠٢١/٨/٢٩: چاوپێکەوتن)، دووەمیان بە پێی زانیارییەکانی بەدەوی عەبدولقادر عەلی کوردیی کە کچی بچوکی عەبدولقادر کوردیی بوو، پێیوایە عەبدولقادر کوردیی لەدوای گەڕانەوەی لە سەفەری حەج لە شاری قەزاریفەوە هاتۆتە شاری وەد مەدنی، لە ناو خزم و کەس و کاری بە هۆکاری کێشەی موڵک و ماڵ لە براکانی توڕە بووە و بۆ شاری وەد مەدەنی کۆچیکردووە، لەو شارە و ناوچەکانی دەوروبەری وەک ئوبەیز و کوردۆفان خەریکی بازرگانییکردن بووە (عەبدولقادر کوردیی، ئەوانی تر: ٢٠٢١/٨/٣١: چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ)

حاجی عەبدولقادر کوردیی لە دەوروبەری وەد مەدەنی و قەزارفدا حەوت ژنی هێناوە و لەو خێزانەی کە لە شاری وەد مەدەنیدا هاوسەرگیریی لەگەڵ کردووە دوو کوڕی بەناوی (عوسمان و یوسف) و سێ کچ بە ناوەکانی (عەرەفە و بەدور و بەتول) هەبوو، هەموو ئەم منداڵانەشی لە شاری وەد مەدەنی لەگەڵ بنەماڵە دیارەکانی شارەکەدا هاوسەرگیریان کردووە و لە شارەکەدا ماونەتەوە، عوسمان عەبدولقادر کوردیی لە ناو مزگەوتی گەورەی وەد مەدەنی قورئان و زانستە شەرعیەکانی خوێندوە، سێ کوڕی بە ناوەکانی (غاندی و موحەمەد و نەهرۆ) و پێنج کچی بە ناوەکانی (نور جیهان، سۆزان، حەنان، ناریمان، هند) هەبوو، هەموو ئەم منداڵانە لە ناو شاری وەد مەدنیدا هاوسەرگیریان کردووە و هەتا ساڵی ١٩٩٠ز زۆرینەیان لە شارەکەدا مابوون، بەڵام لە دوای ئەوە هەندێکیان بۆ خەرتووم کۆچیان کردووە (عەبدولقادر کوردیی: ٢٠٢١/٨/٢٩: چاوپێکەوتن).

عەبدولقادر کوردیی لە ناو شاری وەد مەدەنیدا سێ خانووی لە گەڕەکەکانی دکتۆرەکان و بوحێریە هەبوو، جیاواز لە خانووەکانی شارەکە لە بەرد و گەچ دروستیکردبوون، ناوچەی وەد مەدەنی ناوچەیەکی دەشتەکییە و بەردی نییە، بەڵام عەبدولقادر کوردی بۆ درووستکردنی خانووەکانی سوودی لە بەردی چیاکانی شاری قەزارف

وەرگرتووە، جگە لە خانوو لە ناوچەی یەکەم دوو دوکانی هەبوون، یەکێکیان بۆ خۆی ئەوەی تریانی دابوو بە عوسمانیی کوڕی، یەکێکیان تایبەت بوو بە فرۆشتنی ئاسن و ئەوەی تریشیان دووکانی بۆن فرۆشی بوو، هەتائێستا ئەم دوکانانە لە ناو بازاڕی شارەکەدا ماون، هەروەها لە بازاڕی نوێدا حەوت دوکانی هەبوون و مانگانە بەکرێی دابوون.

سەبارەت بە بوونی کورد لە ناوچەکانی دەرەوەی شاری وەد مەدەنی و گوند و دێهاتەکانی سەر بە یەکەی کارگێڕی شارەکە چەند کەسێک هەڵگری ناسناوی کوردیی بوون، باسیان لەوەکرد ڕەچەڵەکیان بۆ کورد دەگەڕێتەوە، بەڵام نازانن کەی و بۆچ مەبەستێک هاتوونەتە سوودان و لە چ سەردەمێک کۆچیان کردووە، بەڵام بە پێی زانیارییەکانی منداڵ و نەوەکانی حاجی عەبدولقادر عەلی کوردیی، جەختیانکردەوە کە "عەبدولقادر کوردیی خزمی نزیکی لە ناوچەکانی باشووری خۆرئاوای شاری وەد مەدەنی بەناوی گوندی (شەلعۆنە) و (مەناقل) هەبوون، لەم ساڵانەدا سەردان و هاتووچۆ لە نێوانماندا هەبووە و لە بۆنەکانی شایی و شیندا بەشداریی یەکتریمان کردووە، بەڵام لە دوای کۆچی دوایی عەبدولقادر کوردیی ئەوە پەیوەندییە پچڕاوە و هەواڵ و دەنگوباسیان نازانن " (عەبدولقادر کوردیی، ئەوانی تر: ٢٠٢١/٨/٣١: چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ).

لە ویلایەتی جەزیرە و لە باشووری شاری وەد مەدەنیدا گوندێک بە ناوی (عەشەرە) هەیە، خەڵکی ئەم گوندە ئەڵێن ئێمە کوردیین و باپیرە گەورەمان ناوی (بەخیت کوردیی) بووە و لە سەردەمی هاتنی سوپای ئەیووبییەکان و سەلاحەدینی ئەیووبیی وەک بەشدار لە سوپای ئەیووبیی هاتونەتە سوودان، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی سوپای سەلاحەدینی ئەیووبیی بەخیت کوردیی نەگەڕاوەتەوە کوردستان و لە سوودان هاوسەرگیریی کردووە و خەریکی کشتوکاڵ و بازرگانیی بوو، خەڵکی ئەم ناوچەیە لە لایەن گوندەکانی دراوسێیانەوە بە زیرەک و کەللە ڕەق ناسراون و لە ناوخۆشیاندا هەر کەسێک لە رووی هێزی بازووە بەهێز بێت پێی ئەڵێن ئەوە کوردە (عەبدی بەکری، ئەوانی تر: ٢٠٢١/٨/٢٩: چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ).

لە شاری (وەد مەدنی)دا کۆمەڵێک خێزانی کورد ئەژین، مێژووی کۆچکردنیان بۆ سوودان نوێیە و بۆ سەرەتای سەدەی بیست و یەک و ساڵی ٢٠٠٧ز ئەگەڕێتەوە، ئەم کوردانە لە شاری (کۆبانێ)وە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتیی لەسەر زەوی و زار دوژمنایەتییان بۆ دروستبووە و (١٠) کەس لە رووداوەکەدا کوژراون و هەمووشیان کەسوکار و خزمی نزیکی یەکتری بوون، لە دوای ئاشتبوونەوە یەکێک لە مەرجەکانی ئاشتەوایی ئەوە بوو بەشێکیان دەرەوەی شاری کۆبانێ کۆچبکەن، سەرەنجام پێنج خێزان بۆ وڵاتی جەزائیر کۆچ ئەکەن، دوای هەشت مانگ بە دوای کاردا گەڕان، لەو وڵاتە نائومێد بوون و بۆ سوودان کۆچیان کردووە، لەوێ بە کاری بیر هەڵکەندن سەرقاڵبوون، کە سەرەتا بە ئامێری سەرەتایی بیریان هەڵکەندووە، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٠ز ەوە گەشەیان پێداوە و ئامێری تازە و سەردەمی وەک کوتەک و کونکردن (دڕێل)یان بەکارهێناوە، لەم پێنج خێزانە دووانیان (حەنوش عەبدی بەکری و ڕەفعەت عەبدی بەکری) لە گەڕەکی ئەندولوسی شاری وەد مەدەنی ئەژین و سیانەکەیتر (بەکری موحەمەد بەکری و ڕۆدی حەسەن سافی و بارزان حەسەن) سافی لە گەڕەکی مونیرە نیشتەجێن و ژمارەی ئەندامانی ئەم خێزانانە (٣٠) کەسن، منداڵەکانیان لە قوتابخانە گشتییەکانی ئەم شارە دەخوێنن و جگە لە خێزانی ڕەفعەت عەبدی بەکری ئەوانی تر هەموویان هەڵگری ڕەگەزنامەی سوودانیین، هەندێکیان چەند پارچە زەوییەکی کشتوکاڵییان لە ناوچەکە کڕیوە و ساڵانە خۆیان دایدەچێنن یان بەکرێ بە سوودانییەکانی دەدەن، حەنوش عەبدی بەکری بە تەنیا (٤٤) دۆنم زەوی کشتوکاڵیی لە شارەکەدا هەیە( عەبدی بەکری، ئەوانی تر: ٢٠٢١/٨/٢٩: چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ).

## دەرئەنجام

توێژەران لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە گەیشتونەتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

کـورد لـە ناوچەکانـی ویلایەتـی دەریـای سـوور لـە ناوچـە و شـارێکی ناوچەکـەدا بوونیـان هەیـە، لەوانـە شـارەکانی سـەواکن و پۆرتسـوودان و کەسـەلا و تۆکـەر و سـنکات، بـەڵام یەکـەم ناوچـەی سـەرەکیی بـۆ نیشـتەجێ بوونـی کـورد شـاری سـەواکن بـووە لەوێـوە بـۆ ناوچەکانـی تـر چـوون.

زۆرینـەی کوردەکانـی خۆرهەڵاتـی سـوودان لەسـەردەمی حوکمڕانـی عوسـمانییەکان چوونەتـە سـوودان و بەشـداری شـەڕەکانی عوسـمانییەکانیان کـردووە لـە سـوودان و لـە بـەرەی عوسـمانییەکان بـوون و دواتـر لـە دوای داگیرکردنـی ناوچـەکان نەگەڕاونەتـەوە و بـوون بـە هاوڵاتـی سـوودانیی.

کوردەکانـی سـوودان لـە رووی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی و هۆزایەتـی لەگـەڵ هـۆزە دیارەکانـی ناوچەکـەدا تێکـەڵ بـوون و بەشـێکی گرنگـی هۆزایەتـی ناوچەکەیـان پێکهێنـاوە بـە تایبەتیـی هـۆزی بیجـە و چەنـد تیرەیەکـی ئـەو هـۆزە گەورەیـە کـوردن لەوانـە (مێشـابی کوردیـی، حـەزەر، بەشـیکی هەدەنـدەوە)

کوردەکانـی خۆرهەڵاتـی سـوودان لـە رووی کلتـور و زمانـەوە گۆڕانـکاری گەورەیـان بەسـەردا هاتـووە، چونکـە مێـژووی مانەوەیـان لـە سـوودان زۆرە تـا رادەیەکـی زۆر وەک سـوودانییەکانیان لێهاتـووە، بـەڵام ئـەوە وون نەبـووە هەتـا ئێسـتا شـانازیان پێـوە کـردووە نـاوی کوردییـە، زۆربەیـان ناسـناوی کوردییـان هەڵگرتـووە و بـە کوردییـەوە نـاسراون.

هەندێـک لـە کوردەکانـی سـوودان لـە پێنـاو پاراسـتنی رووخسـار و رەنگـی پێسـت و تایبەتمەندییەکانـی خۆیـان هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ هـۆزە جیاوازەکانـی سـوودان نەکـردووە، تەنهـا لەگـەڵ خێزانـە کوردییەکانـی ناوچەکـە یـان تـورک و مەغریبـی هاوسـەرگیرییان کـردووە.

وێنـەی کـورد لـە خەیاڵـدان و بۆچوونـی تاکـی سـوودانیی وێنەیەکـی ئەرێنیـە و هەڵگـری چەنـد خاسـیەت و تایبەتمەندییەکـی دیارە و پێـوەی نـاسراوە وەک ( ئازایەتـی و پـاک و خاوێنـی بەهێـزی لـە رووی جەسـتەیی و سـادەیی لـە مامەڵەکـردن) بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا زوو توڕەبـوون و بەکارهێنانـی هێـز وەک خاسـیەتێکی نەرێنـی کوردیـی پـێ دەناسرێتـەوە.

## Abstract

History of Kurdish emigration to Sudan dates back to three different stages: The first stage dates back to the late thirteenth century and Saladin Ayyubid's era, the second one to Sultan Selim's era when eastern Sudan territories was invaded by the Ottomans, and the last stage to Muhammad Ali Pasha's era. During these stages, the Kurds move to Sudan as soldiers and military commanders, and some of them stayed there and did not return to their homelands. The study answers the following questions: Are there Kurds in Eastern Sudan? Which cities are inhabited by the Kurds? How many Kurds are there, why did they stay there and did not they return to their country? The study relies more on data collection through interviews with the Kurds in Sudan. The researcher visited the cities and areas in which the Kurds inhabit. Oral history, narrative historical, and historical analysis methods are used in the study. However, a new style of interview is used, which is called "a mass interview," in which

several people are interviewed at the same place and time, and the most suitable answer is taken into consideration. Moreover, other sources such as books and historical documents are also used. The study concludes by clarifying the history and causes of Kurdish emigration to Sudan, the main region of the Kurds in Sudan, and the number and the influence of the Kurds in Sudan at large.

**Keywords: Kurds in Sudan; Eastern Sudan; Suakin; Port Sudan; Sinkat; Al Qadarif**

## الملخص

Translation is too long to be saved

يعود تاريخ الهجرة الكرد إلى السوودان إلى أواخر القرن الثالث عشر الميلادي وعهد صلاح الدين الأيوبي ، بعد ذلك عهد السلطان العثماني سليم الأول ، المرحلة الثالثة هي عهد محمد علي باشا، خلال هذه الفترات الثلاث ، ذهب كورد إلى السوودان كجنود وقادة عسكريين ، وبقي بعضهم هناك ولم يعدوا الى كردستان. لقد بحثت هذه الدراسة في التساؤلات حول ما إذا كان هناك كورد في شرق السوودان. ما هي المدن التي استقر فيها ؟ كم عددهم ولماذا بقوا هناك ولم يعودوا؟ اعتمدت هذه الدراسة بشكل كبير على جمع المعلومات من خلال المقابلات الشخصية مع كورد السوودانيين و بقى الباحث في جميع المدن والمناطق المذكورة في الدراسة.

تستخدم هذه الدراسة التاريخ الشفوي والأساليب السردية والتحليلية وطريقة جديدة للمقابلة تسمى (مقابلة جماعية) حيث يتم جمع ثلاثة أشخاص أو أكثر مرتبطين بالموضوع في نفس المكان والزمان وكتب الباحث احسن جواب في نهاية المقابلة ، شرح تاريخ وأسباب هجرة كورد السوودان وتوضيح عددهم وتأثيرهم في المناطق الشرقية من السوودان بشكل عام ومدن المنطقة بشكل خاص.

الكلمات المفتاحية: كورد في السوودان ؛ شرق السوودان؛ سواكن. بورتسوودان ؛ سنكات. القضارف

## سەرچاوەکان

کتێب (عەرەبی)

محمود خليل محمد و محمد فضل بكاب، أدباء سوودانيون في دائرة الضوء، دار القومية العربية للثقافة والنشر، الخرطوم، السوودان، بدون سنة الطبع.

احمد محمد احمد: الصراع الدولي على البحر الاحمر وسواحله خلال الفترة (١٨٣٩-١٩٤٤م) رسالة الدكتوراه، جامعة النيلين، كلية الدراسات العليا، قسم التاريخ.

الامام عمر الامام، المناخ وأثره في تحديد الشعور البشري بالراحة في منطقة البحر الاحمر(مدينتا بورتسوودان واركويت نموذجا)، رسالة الدكتوراه، قسم الجغرافيا،كلية الاداب، جامعة الخرطوم، السوودان، ٢٠١٠م .

جوهر جلال وسو، الكرد فى السوودان (دراسة تاريخية)، سنتر كوردولوجى، جامعة زاخۆ، زاخۆ، العراق، ٢٠٢١م.
احمد الياس حسين و اخرون، سهواكن (التاريخ، الحضارة، والتفاعلات العالمية)، مركز لتنورالمعرفي، الخرطوم، السوودان، ٢٠١٣م.
تسابيح على عشمان، تاريخ مدينة القضارف، رسالة الماجستير، قسم تاريخ، كلية الاداب، جامعة الخرطوم، ٢٠١٣م.
جون لويس بوركهارت، رحلات بوركهارت في بلاد النوبة والسوودان، ترجمة: فؤاد أندراوس، الدار السوودانية للكتب، الخرطوم، السوودان، ٢٠١٧م.
بدوي الطاهر أحمد بدوي، ملامح من الحياة االجتماعية والثقافية لمدينة سواكن )سيرة السيد ابراهيم محمد حمو نموذجا)، مجلة القلزم العلمية للدراسات التاريخيةوالحضارية علمية، العدد الخامس عرش، يونيو٢٠٢٢م .
احمد الياس حسين و اخرون، سهواكن (التاريخ، الحضارة، والتفاعلات العالمية)، مركز لتنورالمعرفي، الخرطوم، السوودان، ٢٠١٣م.
حسن حسين ادريس، دور ميناء سواكن في التواصل اإلفريقي العربي وتنمية السياحة في السوودان، مجله القلزم للدراسات السياحة الاثارية، العدد الثالث، ديسمبر ٢٠٢١.
د.صلاح الدين الشامي، الموانى السوودانية (دراسة في الجغرافية التاريخية)، مكتبة مصر، القاهرة، مصر، ١٩٦١م.
د.عبدالرحمن سالم محمود، ودمدنى بعيني طفل وذاكرة رجل (١٩٤٥-١٩٥٥)، عمان، الاردن، ١٩٩٣.
صلاح الدين مصطفى، القضارف.. حكاية مدينة صهرت السوودانيين والأفارقة، مجلة القدس العربي، ٤ يولو، ٢٠١٥م.
عبدالرحمن الرافعي، مصر والسوودان في اوائل عهد الاحتلال، الطبعة الرابعة، دار المعارف، القاهرة، مصر، ١٩٨٣م.
د.عون شريف قاسم، موسوعة القبائل والانساب فى السوودان و اشهر اسماء الآعلام الاماكن، الجزء الثالث، الطبعة الاولى، شركة افروقراف للطباعة والتغليف، الخرطوم، السوودان، ١٩٩٦م ص١١٦١.
محجوب عمر باشري، ابراهيم محمد حمو ١٨٧٩-١٩٦٠م، جريدة الثورة، السنة الثانية، عدد (٤٢٥)، بتاريخ (٥) يناير ١٩٦٢م يوم الجمعة
محمد رياض و كوثر عبدالرسول، رحلة في زمان النوبة (دراسة للنوبة القديمة ومؤشرات التنمية المستقبلية)، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، مصر، ٢٠١٤م.
محمد سعيد قدال، تاريخ السوودان الحديث (١٨٢٠-١٩٥٥م)، الطبعة الثانية، مركز عبدالكريم ميرغني، الخرطوم، السوودان، ٢٠٠٢م.
محمد صالح ضرار، تاريخ سواكن والبحر الاحمر،الدار السوودانية للكتب، الخرطوم، السوودان، ١٩٩١م.
نعوم شقير، جغرافية السوودان، الدار السوودانية للكتب، الخرطوم، السوودان، ٢٠١٧م.
مصطفى جمال يسن، تأثيرات التركية في العامية السوودانية، e- Kutub Ltd، لندن، بريطانيا، ٢٠٢١م.

كتێب (توركی)

DEVLET ARŞİVLERİ GENEL MÜDÜRLÜĞÜ, OSMANLI İDARESİNDE SUDAN, Turky, İstanbul, 2013.

## چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن بە کۆمەڵ لەگەڵ عەوەزوڵا موستەفا بەخیت ئاغا(سەرۆکی لیژنەی مزگەوتی گەوەرەی شاری کەسەلا و لە دایککبووی ساڵی ١٩٤٣ز)و مەجدی موحەمەد حسین مەحمود( خەلیفەی تەریقەتی قادری کەسنەزانی لە شاری کەسەلا) شاری کەسەلا، گەڕەکی العامرین، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٥ز، ڕۆژی یەک شەممە، کاتژمێر ١١:٠٠ی ئێوارە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ الامام عکاشة حمدناالله الجحاری، خاوەنی بروانامەی دکتۆرا و خەلیفەی تەریقەی قادری کەسنەزانی لە شاری کەسەلا، شاری کەسەلا، گەڕەکی شەهید تاج السر، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٥ز، ڕۆژی یەک شەممە، کاتژمێر ١:٤٥ .

چاوپێکەوتن لەگەڵ پرۆفیسۆر بەرەکات موسا کۆبانێ (دکتۆرا لە لە یاسای دەستوری و سەرۆکی کۆمەڵەی سوودانیی بۆ خوێندەنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی سوودان)، شاری ئوم دەرمان، گەڕەکی الواحة، لە ماڵی خۆی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١٤ز، ڕۆژی سێ شەممە، کاتژمێر ١١:٤٠ی بەیانی .

چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال جەعفەر حسن کوردیی(بەڕیوەبەری گشتیی دامەزراوەی بەشیری پەروەردەیی)، شاری قەزارف، گەڕەکی نەسر، دامەزراوەی بەشیری پەروەردەیی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١ز، ڕۆژی چوار شەممە، کاتژمێر ٩:٤٠ی بەیانی .

چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن عوسمان ئەبو عەلی موسا (ئەندامی پەرلەمانی سوودان و سەرۆک عەشیرەتی مێشابی کوردیی)، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٦ز، شاری پۆرتسوودان، گەڕەکی سولالاب، ٢٠٢١/٩/٧ز، سێ شەممە، کات: ٦:٠٠ی ئێوارە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ د.موحەمەد عوسمان عەبدولقادر کوردیی، خاوەنی بروانامەی دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، شاری وەد مەدەنی، شەقامی نیل، نەمامگەی کوردیی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٩ز، ڕۆژی یەک شەممە، کاتژمێر ١٠:٤٠ی بەیانی .

چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتور موحەمەد ئیبراهیم کوردیی(خاوەنی دەرمانخانەی کوردیی و دکتۆری دەرمانساز) شاری سنکات، ناو بازاڕی سنکات، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٦ز، ڕۆژی دوو شەممە، کاتژمێر ٢:٤٥ی دوانیوەڕۆ .

چاوپێکەوتن لەگەڵ سلێمان ئیسماعیل حاجی عەلی کوردیی(خانەنشین و لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٤ز) شاری قەزارف، گەڕەکی الجنابن، لە ماڵی خۆی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢ز، ڕۆژی پێنج شەممە، کاتژمێر ٣:٤٠ی دوانیوەڕۆ .

چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل هاشم موحەمەد سەعید کوردیی (بازرگان و پیاوماقوڵی کوردیی)، میسر، شاری قاهیرە، پەیوەندیی تەلەفۆنی لەرێگەی وەتسابەوە، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢ز، ڕۆژی یەک شەممە، کات: ٨:٣٠ی شەو.

چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحیم عەبدولعەزیز عەلی موحەمەد موحەمەد کوردیی ( خانەنشین لە دایکبووی ١٩٤٦ز)، پۆرتسوودان، گەرەکی (الثورة)، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٨، ڕۆژی چوارشەممە، کات: ٤:١٥ی ئێوارە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ لۆی موستەفا موحەمەد السواحلی (بازرگان)، شاری کەسەلا، گەڕەکی میرغەنی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٥ز، ڕۆژی یەک شەممە، کاتژمێر ٦:٤٠ی شەو.

چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەددین عەبدولحەمید عەبدوڵا،پۆرتسوودان، گەرەکی (دیم مدینة)، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧، ڕۆژی سێ شەممە، کات: ١٠:١٥ی شەو.

چاوپێکەوتن لەگەڵ موستەفا عیسا موحەمەد کوردیی، (بەڕیوەبەری ژمێریاری دازگای دادی پۆرتسوودان)، شاری پۆرتسوودان، دەزگای دادی پۆرتسوودان، ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٨ز، ڕۆژی چوار شەممە، کات: ١٢:٣٠ی دوانیوەڕۆ.

چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود موحەمەد ئیبراهیم کوردیی (دادوەری خانەنشین و لە دایککبووی ساڵی ١٩٤٦ز)، شاری

بەحری، گەڕەکی زەعیم ئەزهەری، ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١٠ز، ڕۆژی هەیینی، کات: ٦:٣٠ی ئێوارە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر عەلی موحەمەد کوردیی(کەسایەتیی کۆمەلایەتی و لە دایککبووی ساڵی ١٩٣٩ز)، شاری سنکات، گەڕەکی السوق، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٦ز، ڕۆژی دوو شەممە، کاتژمێر ٤:٣٠ی ئێوارە .

چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ عەبدولا سلێمان قاسم ئاغا ئۆرفەلی (نەوەی قاسم ئاغا ئۆرفەلی لە دایکبووی ساڵی ١٩٣١ز)، فەهد عەبدولا سلێمان قاسم ئاغا ئۆرفەلی (بازرگان)، جەمال عەبدولا سلێمان قاسم ئاغا ئۆرفەلی(دوکاندار)، تورکی عەبدولا سلێمان قاسم ئاغا ئۆرفەلی (بازرگان)، شاری قەزارف، گەڕەکی دێم النور، لە ماڵی عەبدولا سلێمان قاسم ئاغا ئۆرفەلی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٤ز، ڕۆژی شەممە، کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی.

چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ نایل عمر عباس قاسم ئاغا ئۆرفەلی (ئەندامی سەرکردایەتی کۆنگرەی نیشتمانی ویلایەتی قەزارف)، نزار عومەر عەباس قاسم ئاغا ئۆرفەلی(بازرگان)، نادر عومەر عەباس قاسم ئاغا ئۆرفەلی (بازرگان)،شاری قەزارف، گەڕەکی النور، لە ماڵی نایل عمر عباس قاسم ئاغا ئۆرفەلی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٣ز، ڕۆژی هەینی، کاتژمێر ٢:١٥ی دوانیوەڕۆ .\چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ ( نایل عمر عباس قاسم ئاغا ئۆرفەلی (ئەندامی سەرکردایەتی کۆنگرەی نیشتمانی ویلایەتی قەزارف)، شاری قەزارف، گەڕەکی دێم النور، لە ماڵی خۆی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٣ز، ڕۆژی هەینی، کاتژمێر ٣:٢٥ی دوانیوەڕۆ .

چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ ئەمین ئەحمەد تەها حومێری( بازرگان)، ناسر ئەحمەد محەمەد عەلی(بازرگان)، ئەحمەد فەزڵ ئەحمەد (کاسب)، شاری قەزارف، ناوبازاڕی شار، دەرمانخانەی کۆبانێ، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢ز، ڕۆژی پێنج شەممە، کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی .

چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ بەدور عەبدولقادر کوردیی و سدقی قاسم حومیدە ئەلقەدورە و عاتف قاسم حومێدە ئەلقەدورە و نەهرۆ قاسم حومێدە ئەلقەدورە)، بەدور عەبدولقادر کوردیی تەمەنی ٨٠ ساڵ بوو، شاری وەد مەدەنی، شەقامی دکتۆرەکان لە بەشی یەکەم، لە ماڵی قاسم حومێدە ئەلقەدورە، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣١ز، ڕۆژی سێ شەممە، کاتژمێر ١١:١٠ی بەیانی .

چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ جەمال جەعفەر حسن کوردیی(بەڕیوەبەری گشتیی دامەزراوەی بەشیری پەروەردەیی)، سەلاحەدین ئیبراهیم حەسەن کوردیی (بەێوەبەری هونەری دامەزراوەی بەشیری پەروەردەیی)، ئادەم موحەمەد خەلیل (بەڕێوەبەری کارگێڕی دامەزراوەی بەشیری پەروەردەیی )، عەبدولا موعەمەد عوسمان(بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەشیری کوڕان)،شاری قەزارف، گەڕەکی نەسر، دامەزراوەی بەشیری پەروەردەیی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١ز، ڕۆژی چوار شەممە، کاتژمێر ١١:١٠ی بەیانی .

چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ( حەنوش عەبدی بەکری، رفعت عبدی بەکری، بەکری موحەمەد عەبدی، لازگین شاهین بەکری، موحەمەد ڕەفعەت عەبدی، سالان حەنوش بەکری، جیفارا حەنوش بەکری، کاوە حاج موسلم )، کوردانی ڕۆژئاوای کوردستانی نیشتەجێ سوودان، شاری وەد مەدەنی، گەرەکی ئەندەلوس، لە ماڵی حەنوش عەبدی بەکری، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٩ز، ڕۆژی یەک شەممە، کاتژمێر ٩:١٠ی شەو .

چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ لەگەڵ عەبدولا عەبدولحەمید عەبدولا صالح ئەلخوزری، هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە کارگێری کار، مەحمود عەبدولقادر عەبدولا ئەلخوزری، بازرگان، موحەمەددین عەبدولحەمید عەبدولا صالح ئەلخوزری، بازرگان، شاری پۆرتسوودان، گەڕەکی دێم مەدینە، لە ماڵی موحەمەددین عەبدولحەمید عەبدولا صالح ئەلخوزری، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧ز، ڕۆژی سێ شەممە، کات: ٤:١٥ی ئێوارە.